# فەیلەسوفبووون و ئەم.. ئازاد حەم/ بەشی دووەمی ئایا ئەم فەیلەسوفمان هەیە؟

**لە سەراخی فەیلەسوفبوونی ئەم دا**

سەردەمی زەینی ئەم کام سەردەم تا لەوندەر بەدوای فەلسەفەدا بگەڕێن؟ باشە دەرکەوتنی ئیسلام بە ئەم لە دیدی هزریەوە گرنگیی هەبووە؟ مانادر بووە ئەم دەرکەوتنە بە هاتنکایەوەی بیرمەندگەلێک لەناوی کوردی ئیسلامدا لەشەوەی ئیبن روشد، فارابی، ئیبن سینا؟ ئەم پرسیارانە وامانلێدەکات بەدوای سەکەیەکدا وەڵبین و لەناو هووبەرکانی ئەو سەکەیەشدا لە سەراخی کەشکی فەلسەفیمان بین.
جەغتدەکەینەوە، کە پرسیار لەسەر چارەنووسی هزری فەلسەفییمان قەدرزانیە لە پرسەی هوناکبیرییمان، لەو کردە هوناکبیرییەی جارە ئاگایمانی داگیرنەکردوە. پرسەی هوناکبیرییمان، گەر بە فەلسەفە نەیکردبێت بوونی هوناکبیرییمان دەخاتە ژێرپرسیارەوە. پرسە هوناکبیرییەکانیش لە دەرەوەی بازنەی فەلسەفە لاواز و کەمدرامەت و پە لە کەموکوڕیین.
لەگەڵ گەکردنی وشەی فەلسەفەش وشەی عەقڵ هووبەووماندەبێتەوە. فەلسەفە، کە پەنابردنە بە عەقڵ. عەقڵیش خستنەگەڕەی دەوڵەت. جەری خستنەگەڕەکانی عەقڵ فەیلەسوفبوونی جیاجیای دروستکردووە. مەژووی فەلسەفەش بەگەیە لەسەر ئەوە، لەسەری جەراوجەری جوگرافیای فەلسەفیی و فەیلەسوفبوون.
هەنگڵ مرۆڤایەتی پەویستی بە فەلسەفەکردنی ئەم نەبێت. ئەم خەمان لە دەزگەداین پەویستمان بە فەلسەفەیە. ئەمەش بەتەنها هەوشی ئەم نییە. گومانیشی ناوێت، ئەم وەک زەر کولتوور و نەتەوەی تر فەلسەفەی ئەویتر قەرزدەکەین و رەژانەش بەکاریدەبین.
فەیلەسوفبوونی ئەم شەڤەی زەر لەخەدەگرێت. ئەوەتا مەژووی فەیلەسوفبوونی بەشەک لە شارستانیەکانیش لەوانلیبوونە لە فەیلەسوف، وەک یەنانییەکان؛ کەچی فەلسەفەی هاوچەرخی رەژئاوایی، لەئەستادا، زەر بی یەنانە. ئەمەیان چۆن؟ یەنان لە ئابردوودا مەڵگەی فەلسەفە بووە و ئەستاش قەرزارەکی زەری فەلسەفەی رەژئاوایە. سەرباری ئەوە، یەنانی دونە لەووی فەیلەسوفبوونەوە هەرگیز وەک یەنانی ئەمڕە نییە. ئەمەی یەنان لەووی فەلسەفییەوە گەلەک هەژارە. کەناڵێت لە سەدەی سی (30) دا یەنان جارەکیتر

دەبێتەوە بە دانەدی فەلسەفە و سوکرات و ئەریستۆی تر سەرهەڵنادنەوە؟ بە نا!
جگەلەوەی فیلەسوفبوونی ئێمە، یان هەر نۆتۆیەکی تر تەنها بەوەوە پابەند نییە، کە نووسینی فەلسەفیی هەیە یان نییەتی، بەوشەوە پابەندە، کە نووسینە فەلسەفییەکان چەند کاریگەرن. هەر لەبەر ئەوە کاتێک بیرکەکانی فیلەسوفێک دەخوێنینەوە لەبارەی جیهانەوە چییمان تیادروستدەبێت؟ ئێم پرسیارە ئەوەمان پێدەڵێت، کە گۆشەی هزری فەلسەفیی یەک هەڵەی مێژوویی نییە و دابڕان و وەستانی زۆری تیایە.

**فیلەسوفبوون، لەم سەردەمە تەنگژاویيەدا ئالەنگاریی خۆی هەیە**

بەگشتی فەلسەفە لە دۆخێکی ناهەمواردایە و فیلەسوفبوونیش ،لە ئاستێکی گەوبا، لەبەردەم ئالەنگاریی گەورەدایە. ئێم لایەنە و ئەوش، کە ئێستای ئیمە بە فەلسەفە گوزەردەکات، لەڕە و لەوە، پرسە گەورەکەی جڤاکی کوردی پێکنەهێناوە و بەپێی پێویستیش تەواما نی دروستنەکردووە.
بۆیە پرسیاری بۆچی فەلسەفە هەیە؟ نەبووەتە پرسیارە گەورەکەی ئێمە. لەناو زەرکیش لە خۆکی ئێمە (ئەکادەمییەکان، نووسەران، خوێندکارانی زانکۆ، تا دەگاتە خۆکی عەوام) گرنگیدان بە فەلسەفە بە مانایە. لەبەرئەوە پرسیاری فەلسەفە چی پێدەکرێت؟، کە پرسیارێکی زەرینێیە لە جیهاندا، لای ئێمە ڕاچۆکانی هزریی دروستنەکردووە. ئێم شەوە پرسیارە دێوەت ئەوش بە مرۆڤی کورد بێت، کە فەلسەفە چی بەدەکات گەر گرنگیی بداتێ. واتە بەهەی فەلسەفەوە دەکارێت خۆی چاک بکات؟ بەنموونە درەنەکات؟ خیانەتنەکات؟ عاشقبێت؟ و... .
فەلسەفە، کە دێتە ناو کولتووری نۆتۆیەکەوە گوزارە و دەربینەکانی دەگۆڕێت و سیستەمە زمانەوانییەکەشی وەک خۆی نامێنێتەوە. ئێمەو جگەلەوەی بوونی فەلسەفە هەڵەی دەبێت لە گۆڕینی مەودای بیرکردنەوەش. هەر لەبەرئەوەی فەلسەفە نەهاتووەتە ناو ژیانمانەوە، دەبینین زەر بەدەگمەن گوزارەی لەم جۆرە بەکاردەبین: فەلسەفەی لە ژیانیا نییە، کەوتووەتە ناو کەشێیکی فەلسەفییەوە، ئێمە هیچ فەلسەفەیەکی تێدا نییە ... .

**فیلەسوفبووون پرسیاری فەلسەفە چییە؟ و فیلەسوف کێیە؟ دووبارەدەوروژێنێتەوە**

گشت ئەوانەی دەخوازن وەڵامێک بە پرسیاری ئایا ئێمە فیلەسوفمان

هەیە؟ داڕژن خودی پرسیارەکە داوایانلێدەکات هەڵوەستەیەک لەسەر پرسیاری فەلسەفە چییە؟ و فێلسوف کێیە؟ بکەن. ئەبەتە پرسیاری فەلسەفە چییە؟ ئەوەمان پێدەڵێت، کە فەلسەفە لە بنچدا بەو خەی لە زانینەکانی تر جیادەکاتەوە، کە تایبەت و دگمەنە.
باشە تایبەتیی و دگمەنییی فەلسەفە لە چیدایە؟ تایبەتیی و دگمەنیی فەلسەفە لە فەرمی نزیکبوونەوەیدایە لەگڵ: مرۆڤ، بوونی مرۆڤ، دەوروبەری مرۆڤ، کێشەکانی مرۆڤ، ئەو شتەی، کە مرۆڤ پێویستە بیزانێت و بیکات. سروشتی فەلسەفە بەجۆرێکە، کە بیرکردنەوە بەرهەمدەهێنێت، بیرکردنەوەکانیش جۆراوجۆرن و ئاڕاستەیش وەردەگرن. واتە فەلسەفە لە: بوون، سیاسەت، جوانکاریی، پەروەردە، هۆشت و لە.....هتد دا قسەدەکات و تایبەت بەو لایەنانە بیرکردنەوەی خەی هەیە.
سەرباریئەوە، پرسیاری فەلسەفە چییە؟ و فێلسوف کێیە؟ پرسیاری تر دروستدەکەن: فێلسوفەکان کێن؟ چۆن کەسانیکن؟ زۆرکیش پێیوایە فێلسوفەکان کەسانێکی بێزار و دابڕاون لە جیهان. بەڵام ئەمە وایە؟ بەگومان نەخێر. فێلسوفەکان کەسانی لەم جۆرە نییەن. فێلسوفەکان وەک گشت مرۆڤەکانیتر دەگرین، پێدەکەنن، دڵنوون، کاردەکەن، ناندەخن، ئەقیندارێدەکەن، بێزاردەبن، ئاشتدبنەوە و.....هتد.
سەرباری ئەوە، فێلسوفەکان تەنها دەستی کتێب نییەن، پێش هەموو شتێک دەستی ژیانن. ژینگە، پەروەردە، هونەر تادەگاتە تەندروستی و سیاسەت بەهەندوەردەگرن و ..... وەڵای ئەوە، هەر فێلسوفە و شەوازێکی هەیە، کە دواتر ئەوەش شەواز بە فەلسەفەکەی دادەڕێژێت. ئەوە وادەکات فێلسوفەکان لێیەکتر جیاکرێنەوە.
کەوابێت، فەلسەفەکردن مافی ئەمەی مرۆڤە، مافی گشت ئەوانەیە، کە ئاوەز دەخنەگڕێ و لە بارەی بوون؛ بوونی خۆیان و دەوروبەریان هادەمێنن. ئەبەتە هەر یەکەو بەجۆرێک گوزارە لەم مافە دەکات. بەیشە فێلسوفەکان جیاواز دەنووسن.

**فێلسوفبوون یەک جارە**

فێلسوفبوون ئەو پرسەیە لەناو جڤاکی کوردی دا سەرنجی نەخراوەتسەر. تەنانەت سەرنج نەشخراوەتسەر ئەوەی، کە فێلسوفبوون هەودات یان نا. لەناکاو دەردکەوێت یان نا. هەروەها لەناو فێلسوفبوون دا یەخگرتنێک هەیە. واتە، کاتێک کەسێک دەبێتە فێلسووف کار لەسەر پێپێنەبراو دەبات و مەترسیەکانیش دەبینێت. فێلسوفبوون هاتنە، ئەو شتەیە،

کە دواتر بارۆپیرتدت. بەیە ووداننکەی یەکجار و بەس.
بەنموونە: دەکارت، ئیبن روشد، سپینوزا، هیگڵ، هاربە بوونیان بە فیلەسوف شتێک دادەنێت؛ شتێک ووێدا، کە پێشتر بوونی نەبوو. فیلەسوفبوون ئا ئەو ووداوە، ئەو دادگەوتنە لەناکاوییە.
کەواتە فیلەسوفبوون دادگەوتنی ووداوێکە. ئەم ووداوە یەک جار ووددات. بەیە یەک سوکرات، یەک نیچە، یەک فارابی، یەک مارکس، یەک ... هەیە. ئەمانە یەکجار هەن و یەک جاریش ووددەن. واتە سوکرات و ئاریستۆ دوانن. مارکس و هیگڵ دوانن. هەسەڵ و هایدیگەر دوانن. فارابی و ئیبن روشد دوان. ئەمانە هاریەکەیان یەکن و نابنەوە و یەک جارانیش دەبن، دادەکەون و ووددەن.
لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی وترا، دەپرسین: لەناوماندا ئەوانە سارپان هەڵداوە، کە فیلەسوفئاسا بیردەکەنەوە؟ چۆن بزانین لەناوماندا فیلەسوف سارپهەڵداوە؟ئەمانە بارهەمی فەلسەفییان هەیە؟ بارهەمە فەلسەفییەکانیان هیچی لەبەر یان لەوە گەیوە؟ ئەی فیلەسوفبوون شتێکی زگماکە یان بارهەمی بیرکردنەوەی بارداوامی خودییە؟ پرسە فەلسەفییە گەورەکانی ئەمە لەناو فەلسەفە چیی بوونە؟ یان بە خودی پرسە گەورەکانی فەلسەفە بە ئەمە نابوونە بە پرس؟
بە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە، لەوەودەستپێدەکەین، کە هەنگە کەمنەبن ئەوانەی لەناو ئەمەدا سارقاڵی فەلسەفەن، لە سارقاییەکانی ئەمانە فەلسەفەیەکی دیارکراوی دروستنەکردووە. گەر فەلسەفەمان هەیە تایبەتمەندییەکانی ئەم فەلسەفەیە چیە؟ بە چی خەی لە فەلسەفەی دەروبارمان جیادەکاتەوە؟ بەم جارە، هەموو ئەوانەی دەنووس فیلەسوف نیین. مەرجی سارەکی فیلەسوفبوون نووسین نیە. شتێکیترە، کە سارووی نووسینە. نووسین نیە، بیرکردنەوەیە. بیرکردنەوەی گەورە و هەڵچکەشکەن.
هەر ئەو پاڵە پرسیارە بارەو پرسیاری ووردترمان دەبات وەک: فەلسەفە لەناو ئەمە هەگ و ێیشەی مەژوویی هەیە؟ گەر بەڵێ بە کوە دەگەڕێتەوە؟ بە ئادەب و ئاین؟ بەیشە ئەم پرسیارە دەکەین، چونکە فەلسەفە بە ئەمە لە ابردوودا، لەهەگای ئادەب و ئایینەوە، هەگایەک بووە بە گەان بادوای میراتدا. ئەفسووس، ئەمەش زاری نەخایاندووە و قۆیش کاری تیانەکراوە.
لەرەدا وا باشە بچینەوە سەر تەگێیشتنەکی دەکارت، کە پەیوایە "باوبوونەوەی فەلسەفە یارمەتیماندەدات، تا خەمان لە دەندە و کۆییەکان جیابکەینەوە." خوا ئەو وەاتانە بەختەوەردەکات، بەقەولی ئەو، کە دەیانکات بەخاوەنی فیلەسوفی ڕاستقینە". ئەم تەگێیشتنە دەکارتییە بارەو ئەوەمان دەبات، کە بەیین: فەلسەفەکردن مرێیبوونمان دەپارێزێت و هەمیشەیش ئەوەمان بیردەخاتەوە، کە

مرۆیبووونمان بەرپرسیارێتییەکی هەوشتییە. لەرەو ئەومان بە هووندە بەتەوە، کە فیلەسوفبوون ژینگە و دەرفەت و تاکی خۆی دەوێت. فیلەسوفبووون، کە دەکەوێتەگەڵ ئەو کات لەوە حالیدەبین، کە فەلسەفە ئیشی چارەسەرکردنی کێشکانی هەژانە، بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی تاك و گوتنی ناباو و نادەگمایە. ئەمە جگە لەوەی فەلسەفە بە هاستیبەژیی ناسراوە؛ هاستییەك، کە تاکوتەرا نییە. ئەو شتانەی، کە فیلەسوف لەبارەیانەوە گوتن دەهێنێتەگەڕە، بەدواچوونیان بەدەکات و لە هاستییان دەکاتەوە.
ئەوە فیلەسوفبوونە زەمینە بە فەلسەفەسازی دەسازێنێت. بەڵێ ئەوەی فیلەسوف لە کەمەگەدا دەژی و هەست بە دەوروبەری خۆی دەکات، دەتوانێت کاریگەریی لەسەر فاکتەرە کەمەاڵیەتیی و هەشنبیرییەکان دابنێت و ئاوەزی خێیشی بخاتەگەڕ، تا لە کەمەگە تێبگات و هاستیی ناو ئەو کەمەگەیە ئاشکرابکات.

**بینینی کەسەک لە پێگەی فیلەسوف**

فیلەسوف کەسەکی بە ئاگا لە جیهان نییە، گەشگیر لە ژوورەک و بە باک بەرامبەر بەوەی لە جیهاندا هووەدات. بەیە بینینی کەسەک لە پێگەی فیلەسوف کارەکی ئاسان نییە و هەر ئەو بینینەش دەتوانێت بەرەو دیدی ترمان ببات. بۆ؟ چونکە بینینی کەسەک لە پێگەی فیلەسوف واتە بوونی فەلسەفیەک؛ کاتەکیش دەڵێین فیلەسوفمان نییە ئەمە بەو مانایە نییە، کە دان بە بوونی کەسانەک نانێین، کە سەرقاڵی نووسینی فەلسەفیین یان رونەاکبیرییەکی فەلسەفییان هەیە.کەواتە لێرەدا دەپرسین: بەوانەوەی، کە لە بواری توێژینەوەی فەلسەفیدا کاردەکەن دەکرێت بڵێین فیلەسوفمان هەیە؟ بەگومان نەخێر.
گومانیناوێت، چەند بەشەکی فەلسەفەمان لە هەرەم دا هەیە(زانکەی سەلاحەدین، زانکەی هاپەرین) و لەو چەند بەشەش پڕەک پڕەفیسەری فەلسەفەشمان هەیە؛ بگرە کەمەەک شرۆڤەکاری فەلسەفیشمان لە دەرەوەی ئەو بەشانە هەیە، کە کەرسەک فەلسەفیان نەخوێندووە و خێشیان سەرقاڵی نووسین و وەرگەانی بیرمەندەکان کردووە. بەس ئایا گشت ئەمەی وترا پێماندەێت ئایا ئەمە فیلەسوفمان هەیە؟ ئەبەتە نەخێر. زەرەک هەن شێدای نووسینە فەلسەفییەکانی ئەفلاتون و ئەریستۆ ، دەکارت و هێگە و مارکس و سارتەر و هایدیگەرن و لەو بارشەوە چەند دەقێکیان نوسیوە بەس ئایا ئەمە ئاماژەیە لەسەر بوونی فیلەسوف لەناو ئەمە؟ بەدنیاییەوە نەخێر.
لەو بارەوە ئەوش شایانی وتنە، کە کە مافی فەلسەفەکردنی هەیە؟

بەدنیاییەوە ئەم پرسیارە بۆرکی کۆمەڵە پرسیارکی هاوشێوە دەگرێت، کە خەمی هزریی چیەتیی فەلسەفە لەکەدەگرن: گۆر ئەم مافە تەنها بۆ فێلەسوف دەدرێت، باشە فێلەسوف کێیە؟ فێلەسوف پرۆفیسۆرکی زانکۆیی و کەسکی ئەکادەمییە؟ چۆنگە هەندکیش لە ئەمە بگەن، ئەی بۆ فەلسەفەکردن مافی عەوامیش (زۆربەش) نیەت؟ لێرەدا و سەبارەت بەو پرسیارانە تەنها ئەوەندە دەڵێین، کە ئاستە فەلسەفەکردن مافی ئەمەی مرۆڤ، مافی گشت ئەوانەیە، کە ئاوێز دەخەنگەڵ و لە بارەی بوون و بوونی خۆیان و دەوروبەریان ئادەمێنن. بۆیەی ئەویش، کە لە ئێستادا تەکنەلۆژیای زانیاریی دەستی بەسەر ژیانی ئەمەدا گرتووە، پێویستمان بەوێیە تەئامان و تەماشاکردنەکانمان بۆ جیهانی تازە، قووڵتر و بەرینتر بکەین، تا لەو تێبگەین، کە چۆن مامەڵە لەگەڵ چەمکی خودی زانین، زانست، هۆشت و ئاکار (موڵاق) دا بکەین.
ئاڵۆزییەکانی دنیای سیاسەت، واتای ماف، دادپەروەریی، یەکسانیی، کێشە ژینگەیی و پەروەردەییەکانیش، هەموو ئەمانە داوامان لەدەکەن، کە ئاسەی بیرکردنەوەمان فراوان و فرەئاقار بکەین و تێگەیشتنی فەلسەفیی لەمە تێگەیشتنە سیاسیی، پەروەردەیی، کۆمەڵایەتیی و کولتووریەکان دروستبکەین. ئەمە کارکی ئاسان نییە. ئەمە داوای سیستەمکی هزرییمانلەدەکات لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتییماندا. دەخەکە لەوەدایە، کە ئەمە نامانەوێت لەبیرگای ئەم پرسیارەوە لە دەزی قەیراناوی هزرییمان تێبگەین. باشە گەر فێلەسوفمان هەیە بنەمای هزری فەلسەفیی ئەمە چ جۆرە بنەمایەکی هەیە؟ بەدنیایشەوە نەبوونی ئەو بنەمایە، واتە نەبوونی فێلەسوف. ئەمە وایدەبینین، کە دیدکی نوێ بە جیهان تەنها لە ڕوانگەی فەلسەفەوە دەتەکایەوە. کە ئەوە هەبوو واتە فێلەسوف هەیە. بەیە ڕوون نییە وشەی فێلەسوف چۆن لەناو ئەمە بەاوبووتەوە و چیگەیاندووە. ئەم وشەیە پێزەتیف بەکاربراوە یان نگەتیف.

**نا، ئەمە بەمجۆرە لە فەلسەفە حاڵینەبووینە**

ئەمە بەو جۆرە لە فەلسەفە حاڵینەبووینە، کە لە لاپەڕەکانی مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوا بۆرچاوخراوە. لەوە، لە دیدی ڕۆژئاواییەکان کاتێك، فەلسەفە دەبێت بە فۆرمێک لە نوسین، یان فەلسەفەکردن جێگای نوسین دەگرێتەوە ئیدی زۆر شت گەڵانی دەتەسەر. ئەمەش بەهەکاری ئەوەی کاتێک فەلسەفە لە وتنەکانی مرۆڤدا کارادەبێت، وتن لەبارەی بوونی مرۆیەوە دەتەگە و فەلسەفەیش خۆی وەك ئامرازێك بۆ ژیان و تێگەیشتن لە بوونی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ نمایشدەکات و لەبیرگای

فەلسەفەیشەوە لە چەژی بیرکردنەوە و مەبەستی ژیان تێدەگەین.
ئامانجەمان، بەوجۆرە لە فەلسەفە حالیبوونە، کە فەلسەفە بیرکردنەوەیە، ئەم بیرکردنەوەیە لایەکەوە ئاستەی ژیان دەستنیشاندەکات، لایەکی ترەوە گفتوگۆی شتەکانی ناو ژیانی مرۆڤ دەکات. بۆ ئەوەی بژیین و لە ژیانی خۆمان تێبگەین، پێویستمان بەو ئامرازەی ژیانە، کە فەلسەفەیە. ئەمەش پێویستی بەوەیە، کە لەم پرسیارەدا بۆ ئەوەی خوێنەرانی فەلسەفە زیادبکەن و فەلسەفە وەک شەوازێک بۆ ژیان و ئامرازێک بۆ گەیشتن بۆ ژیان سەیربکرێت، فەلسەفەکردن پێویستی بەوەیە لەگەڵ تیۆریەکان خۆی بگونجێنێت و خۆی ئاسانتر و نزیکتر لە ژیان نیشانبدات.
ئەو دەمەی فەلسەفە دەکرێت بە ئامرازێک بۆ کەمکوڕگرتن لە ژیان و گەینی فرەمی ژیانی مرۆڤ و تەقەلایەکیش بۆ هەوەستەکردن لەسەر بختەوەریی و ئایندە و ناحەزییەکانی مرۆڤ؛ بەمە فەلسەفە زیاتر لە بوونی مرۆڤەوە نزیکدەبێتەوە.
کوا کە لەناو ئەمە کردەی فەلسەفەکردنی والەکردووە ببێت بە کەشێک بۆ گەشان بەدوای واتای ئازادیی و بەدیهێنانی بختەوەریی بە تاک و لەسەرەکی ترەوە ئاشتکردنەوەی کولتووری سیاسیی ئەمە لەگەڵ فەلسەفە و سنووردانان بۆ گەوجاندنی تاک و کارکردن لەسەر باشکان، کە بە جۆرێک لە جۆرەکان بەهاوشتییەکانی ئەمەی مرۆڤن. ئەمانیش وادەکەن، کە فەلسەفە توانای بینینی مەترسییەکانی هەبێت و شێلگەڵ دەشدامانی هزریی بکات و هەلومەرجیش بۆ هێنانەکایەی دۆزەکی ئەوتە دروستبکات، کە فەلسەفە بۆ ئازادیی گوزارشت لە ئامادەبوونی ڕاستەقینەی خۆی و بوونی مرۆیی ئەمە و مافەکانمان بکات.

**سەردەمەکانی ئەمە بە فەلسەفە گوزەریان نەکردووە؟**

بە هەموان ڕوونە، کە گشت کردەیەکی فەلسەفیی سەردەمی خۆی هەیە، بەڵام فەلسەفە دەکارێت لە سەردەمی خۆی بێتدەرە، ئەمە بە واتای هاتنەدەرەوەی فەلسەفە نییە لە لەشی خۆی، لەبەرئەوەی فەلسەفە، کە لە سەردەمی خۆی دووردەکەوێتەوە، لە سەردەمەکی تر نزیکدەبێتەوە، کە دیارە فەلسەفە لەو حاڵەتەدا بە خوێقاندنی پرسیاری ترەوە سەرقاڵە، یان فەلسەفە خەریکی سەرچاوەی ترە و تەهزرین لە شتگەلێکی تر دەکات، کە لە پێشبینییەوە دوور نین.
لەبەرەوە دەگەینە بیرکەی فەلسەفەی گشت سەردەم، یان گشت فیلسوفێک، کە ئاستەکردنێک لەناخیدا پێنهانە. لەبەدا دەکرێت بگوترێت، کە فەلسەفەی گشت فیلسوفێک بە قەناغێکی دیاریکراو بووە و جارجارەیش تێکڕیزکردن بووە بەسەر ئەوەی، کە دواتر دێت.

بەپێی ئەو بۆچوونە باسکرا، کە لای سەرەوە باسکرا، سەردەمکانی ئەمە بە فەلسەفە گوزاریان کردووە. یان دەتوانین بڵێین، فەلسەفە و سەردەم پێکەوە نژیاون. سەردەممان هەبووە بە مانا مێژووییەکەی، لە فەلسەفەدار نەبوونە. گەر وانییە کوا فیلەسوفی سەردەمکانمان؟ بە مێژوویەک سەبارەت بە فەلسەفە لە ژیانی هزریماندا بوونی نییە؟ ئەمەش پرسیاری ترمان لادروستدەکات، وەک: ڕەشنگیرەکانی(منەور) ئەمە کێن؟ کوان کارە هزرییەکانی ئەو ڕەشنگیرانە؟

بەمجۆرە بۆچوونە باسکرا، کاتێک تەماشای مێژووی هزری ڕۆژئاوا دەکەین، شتێکی تر دەبینین. دەبینین، کە مامۆستای فیلەسوفانی ڕۆژئاوا لەتەك فەلسەفەدا وەك یەك نەبووە. لەگەڵ ئەویشدا فیلەسوفەکان سوودیان لەیەکتر وەرگرتووە، بەڵام هەمیشە مودایەکی هزریی لەنێوانیاندا هەبووە. واتە هەر فیلەسوفە و جوگرافیایەکی، زەدەکی، فەلسەفیی خۆی هەبووە، کە لەهەمان کاتدا ئەم فیلەسوفە دەیشتوانیت گەشت بەناو جوگرافیاکانی تر و سەر بەم زەد و ئەو زەدی هزرییشدا بکات.

وەای ئەوە، مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوا شتێکی تریشمان پێدەڵێت؛ ئەوەش ئەوەیە، کە دەکرێت کردەی فەلسەفیی لە دەرەوەی سەردەم، یان نەریت بێت. واتە لەوە نەکات کە، هەمان شت و دووبارەیە. کاتێکیش فەلسەفە لە دەرەوەی سەردەمی خۆی دەبێت، ئەمە هەرگیز بەو واتایە نایەت، کە فەلسەفە پشت لە سەردەم و شوێنی خۆی دەکات، بەڵکو فەلسەفە زەرجار ئەوەی دەیەوێت، لە سەردەم و شوێنی تریشدا کاری خۆی دەکات. بە نموونە ئەوەی، کە ئەفلاتون لە دیالۆگەکانیدا سەبارەت بە خۆشەویستیی، جوانکاریی و هۆوشە گوتوویەتی، یان ئەوەی سپینوزاSpinoza، یان کانت Kant لەمەڕ ئاین، هۆوشە و زانین وتویانە، ئەستایش جێی گفتوگۆن و فەلسەفە ناکارێت پشتیانتێبکات.

ئەمەی لای سەرەوە باسکرا، ئەوە دەگەیەنێت،کە ناوەرۆکی فەلسەفە نە وەك خۆی دەمێنێتەوە، نە ئەو ناوەرۆکەیش، کە هەیبووە پشتگوێدەخرێت. زەرجار زەر شت وادەکەن ئەو ناوەرۆکە بشکۆیەکی تر بەتەپکەهێنان، یاخود وادەکەن فەلسەفە بشکۆیەکی تر قسە لە سەردەمی خۆی بکات. هەر بەنموونە، بشکێکی زەر لەو پرسیارانەی چیەتیی فەلسەفیان لە سەدە تاریکەکان پێکهێناوە لەئێستادا، وەك پرسیارگەلێکی کێن و بەسەرچوو دەبینرێن، یان دەچنە خانەی ئەو شتە پرسیارە فەلسەفییانەی، کە وەڵامی خۆیان چنگکەوتووە.

کەواتە، ئەوەی لایسەرەوە باسکرا، دوورە لە مێژووی هزریی ئەمەوە. مێژووەکە بەجۆرێک ناسستماتیکە، کە ناتوانیت وێنەیەکی هاوتای ئەوتەماندات، کە ئەمە بیرمەندمان هەبووە، بیریاریی لە ژیانی بیریماندا گرنگیی خۆی هەبووە. بەڵام سەبارەت بە شارستانی

ڕۆژئاوا شتێکی تر دەبینین. لەوندەر بە ئاوەی فەلسەفە ناوەرۆکێکی نوێ و جیای هەبێت، دەبینین فەلسەفە هەمیشە کێشەی ئاوەی کردووە، کە خەی نەجوتاوە و لەسەر ناوەرۆکی خەیشی نۆڕی، یان ئاوە نەتاوە، کە وتراوە.
بە ئاوەی فەلسەفە ئەمەی بەسەرنەێت، فەلسەفە نەبێتە بوارێك بە وتنی شتی گوتراو و بەسەرچوو، فەلسەفە پێویستی بوە دەبێت، کە بە سەردەمی خەیاوە گرێدراو بێت. هەر ئەم گرێدراویەیە وەهای لە فەلسەفەیش دەکات، کە ئۆڕێیی و ناڕەها بێت، کراوە و چاودێر بێت، چونکە سەردەمە جیاکان وەها لە فەلسەفە دەکەن، کە ئاوت و ئاڵوگۆڕی جیا و نادووبارەی هەبێت و کاریشی گوتنی ئاوە بێت، کە دەکاوێتە زەنی بەدەنگیەوە. واتە فەلسەفە دەکارێت گوتن لە گەڕووی بەدەنگیەوە بهێنێتەدەر و لەتەك شوێن و کاتکاندا هاوشان و کەڤواربکات.

**بەدەنگی فەلسەفیی ئەمە زەری خایاندووە**

بەدەنیایەوە، بەدەنگی فەلسەفیی ئەمە زەری خایاندووە. ئەمەش زیانێکی زەری داوە لەو مۆڕووەی دەخوازین بینووسینەوە سەبارەت بە هزرمان. وەکیتریش، گومانی ناوێت، کە فەلسەفە هەندێك چرکەی بەدەنگ و خامۆشی خەی هەیە، بەڵام ئاو چرکانە ئاگەرچی لە چرکە پێویست و گرنگکانیشن، بەڵام زەدە کەمتەمەن و نابەردەوامن، چونکە فەلسەفە لەگەڵ دەرکەوتنیدا ئاوەی یەکلاکردووەتاوە، کە چیەتیی فەلسەفە بە گوتنکانیەوە بەندە، بەوەوە بەندە، کە فەلسەفە ناوەستێت و بەردەوامە. بەداخەوە ئەم لایەنە بە ئەمە تەواو جیاوازە و وەك ئاوە نییە، کە لە مۆڕووی هزریی ڕۆژئاوادا باسیلەوەدەکرێت. بەدەنگی فەلسەفیی ئەمە کاتکی زەری خایاندووە و گشت مۆڕووی هزرمانیشی گرتووەتەوە.
فەلسەفە ناکرێت بە ماوەیکی زەر بەدەنگ بێت. بەدەنگیی فەلسەفە بە کاتکی زەر بە زیانی مۆڕووی هزری ئاو نەتاوەیە دەگەڕێتەوە. کاتك فەلسەفە بەدەنگ دەبێت شتیتر جگای دەگرێتەوە، کە ئەمە ناویدەنین نافەلسەفە، نەزانین، دژدانایی. ئەمەش لەبەرئاوەی، کاتك فەلسەفە قسەدەکات، وتنی دەبێت، فەلسەفە هەر بەهەی ئاو وتنانیەوە، کە لایەکەوە ناسنامە بە چیەتیی خەی دادەتاشێت و خەی لە سەردەم و شارستانیی خەی نزیکدەکاتەوە، لایەکی تریەوە خەی لە زانستکانی تر جیادەکاتەوە.
پێشتریش گوترا، فەلسەفە خەی دەکات بەو شتەی، کە هەیە، نەك ئاوەی، کە ونە، ئاو شتەی گوتنی خەی هەیە و هەر ئاو گوتنش ناوەرکی

پکدەهنەت و کاکی بە دروستدەکات. فەلسەفەکردن و تەکشکانی پیرەزییەکان، چاندنی پرسیار و پرسیارکردن لە ڕەچەڵەکی بەشایی و هیچیی، هەوڵی فەلسەفە بە تێگەیشتن لە خودی خۆی و جیهانی ئەو خودە، بەشکن لە پرسەی پکهەنانی ناواخنی فەلسەفە و باخچەی هزریی فەلسەفیی دەسازێنن و کردەی فەلسەفەسازیش لەوەوە خۆی وەک سەرچاوەیی هزریی نیشاندەدات. کوا فەلسەفە لەسەر ئەم بناغەیە لە ژیانی هزری ئەمەدا کاریکردووە؟ نەخێر بەمجۆرە کارینەکروە و بگرە زەریش مات و بە وتن بووە.

**ماویەتی.....**

---

# ڕووتبووونەوەی سیاسەت.. ئەحمەد ڕەسوڵ

هەر دەسەڵاتێک، حیکایەتێک یان زیاتری هەیە بە دەستبەسەرداگرتنی دەروون و عەقڵی ئینسانەکان. ئەو لۆژیکەی کە ئەو حیکایەتە لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتی، دەرئەنجام دەکترینێکی تایبەت بە ئەو حیکایەتانە بەرهەمدەهێنێت. ئەمەش وەکو ڕاستییەکی باوەڕپکراو لەلای خەڵک (ئاپەڕەای شونکەوتووی ئەو هەز و لایەنە سیاسییە یان ئەوانەی کە لە ژێر هەژموونی گوتاری ئەو دەسەڵاتدارێتییەدان) جگەدەگرێت. واتا دەسەڵاتداران لە ڕەگەی ئەو حیکایەتانەوە، ڕەوایەتیی لەنەو ئاگایی گشتییدا بەدەستدەهێنن.
خاڵیبوونەوەی دەسەڵاتدارێتیی لە هەرەمی کوردستان لە هەر حیکایەتێک و ڕووتبوونەوەی سیاسەت لە هەر جۆرە کردەیەک و چالاکییەک کە پێوەندی هەبێت بە چاکەی گشتیی و ویستی گشتپەدانی کەمەگاوە، سەرەڕای پکهاتووییی تەواوی دامەزراوەکان "لە نموونەی هەڵپەساردنی پەرلەمان، دواکەوتنی هەڵبژاردنە پێ لە گزیکاریەکەش و بەسەرچوویی حکومەت و ... هتد" وایکردووە ڕەوایەتیی هەم لە ڕەهەندی یاسایی و دەستووریدا لە ئاستی نوخێیی و دەرکییشدا، هەم لە ڕەهەندی ئاگایی گشتیی و دەروونی کەمەگادا تا نزمترین پلەی خۆی دابەزێت.
کەوتنی هەموو حیکایەتەکانی لە بابەتی "ژەمی دیکتاتەریی و

دروشمەکانی یەکسانیی و خۆشگوزەرانی هاوڵاتیان، ڕزگاریی و ئازادیی مرۆڤی کورد … هتد لە سەردەمی شۆش! و شاخدا" و "داعش، سەربڕینی ئابووریی، ڕیفراندەم و دەوڵەتی سەربەخۆ، سەروەری یاسا و بە دڕندانە گایکردنی حکومەت، دادگەری کۆمەڵایەتیی، … هتد لە سەردەمی شارەدا و دەسەڵاتدارێتییدا" و لە دواجاردا ئاوەی وەکو زانراوێکی سادەی ئەزموونکراو بە خۆک مایەوە ئاوەبوو کە ئەم دەسەڵاتدارێتییە و دەسەڵاتداران، خەیان سەرچاوەی نادادیی ئابووریی و کۆمەڵایەتیین، سەرچاوەی ژەرپڕخستنی یاسا و بەبەهاکردنی دادگا و دامەزراوەکانن، سەرچاوەی تاڵانکاریی، وەرانکاریی و داگیرکارییەن لەبەرامبەر تەواوی داهاتی گشتیی، زەوی و خاکی وەتەکە و سەرچاوەی شکاندنی شکۆ و ئیرادەی ئینسانی کوردن، سەرچاوەی بەماڤکردنی هاوڵاتیان و برسییکردنی خۆکن. ئیدی لەرەوە هیچ حیکایەتێک نامایەوە بە هەژموون بەسەر ئاگایی گشتییدا و دەسەڵاتدارێتیی بەسەر ژیانی خۆکدا تا گەیشتە ئاوەی هەموو شتەی ئەم دەسەڵاتدارێتییە بە هەشتنەوەی هەژموونی خەی بەسەر کۆمەڵگاوە لە پەڕەی "هەژماری من!" دا خەی ببینێتەوە.

ئەم دەسەڵاتدارێتییە هەموو هەز و ووزەی خەی لەوەدا چە کردووەتەوە کە پەڕەی "هەژماری من!" بەسەر کۆمەڵگای کوردستان و حکومەتی ناوەندیشدا بسەپێنێت. ئینسانی ئەمڕ ئاستی متمانەی بە دەسەڵاتداران بە هەر کارەکی چاک، نییەتێکی باش و بەڵێنێکی ڕاست نەوەکو دابەزیوە بە پلەی سفر، بگرە نزمتریش. خۆک هیچ متمانەیەکی بە هیچ پەڕە و هەنگاوێکی دەسەڵاتداران نامێنێت کە لە بەرژەوەندی ژیانی گشتیی کۆمەڵگا و هاوڵاتیان بێت. خۆک تا ئاوێدیو یەقین، گەیشتووەتە دڵنیایی کە هەر پەڕە و هەنگاوێکی دەسەڵات و دەسەڵاتداران جگە لەوەی کە لە بەرژەوەندی خەیان و بەهێزکردنی زیاتری خەیانە بە دیوەکەی تریدا لە دژی بەرژەوەندی کۆمەڵگا و تاکە تاکەی هاوڵاتیانە و لاوازکردنی زیاتریانە. بە کورتی، بەرژەوەندیی، هێز، دڵنیایی و ئارامیی دەسەڵات و دەسەڵاتداران لەلایەک و کۆمەڵگا و هاوڵاتیان لەلایەکیدی، لە پێوەندییەکی پێچەوانەدایە. تا چەند دەسەڵات لە هێی دژگا مەدیایە بەشومارکانییەوە و بە نووسەر و هێژانامەنووسە سەبەر و بەرتاوکانییەوە، بانگەشە و ڕیکلام بە پەڕەی "هەژماری من!" بکات، هاوڵاتیان زیاتر بەدگومان دەبن بەرانبەری و توندتر هێتیدکەنەوە و جار دوای جار زیاتر دڵنیا دەبنەوە کە پەڕەیەکە لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتدارێتیی و دەسەڵاتدارانە و دژ بە بەرژەوەندی کۆمەڵگا و هاوڵاتیان. ئەم تێگەیشتنە تا نەو ئەندامانی ئەرگانە حزبییەکان و ئەندامانی نەو دژگا ئەمنییەکانی سەر بە دوو حزبخ

دەسەڵاتدارەکە زیاتر و ئاوانیش هەمان تێگەیشتن و بیرکردنەوەی هاوڵاتیانی سیڤیل و کارمەندی دەزگا حکومییەکانیان هەیە.
ئەوەی کە دەسەڵاتدارێتییەک لە هەر حیکایەتێک دامارابێت و لە هەر جارە ڕوایەتییەک کوتبن و تانها ڕێگەی خستپاندن و هەژموونیان بەسەر هاوڵاتیان و کەمەگادا هاتبێتە سەر دەسەڵاتداربوونیان بەسەر مووچەی خەڵکدا، ئیتر ئەمە ڕووتبوونەوەی بەشەرمانەی سیاستە لە هەر ڕەهەندێکی فەزیلەتخوازیی و چاکخوازیی، کوتنی دواهەمین ئێگرە لاوازەکانی گەندەڵکاریی جوهەریی لە چانتییی کارکردنی دەزگایی و یاسایی دەسەڵاتداراندا و کوتنی دواهەمین ئێگرە لاوازەکانی گەندەڵکاریی لە بونیادیی بیرکردنەوە و تێگەیشتنی دەسەڵاتداراندا دەربارەی دەسەڵات، هاوڵاتیی، ماف و ئازادیی.

ئەحمەد ڕەسوڵ

---

# خودگەڵانەوە: ئەو وێنانەی تەمەن، کە شیعر دەیگێڕێتەوە لە دەقی: (18/11/1965)ی سەباح ڕەنجدەردا.. د. عەبدوڵا ڕەحمان

ژیاننامە یەکێکە لە هونەرە هەرە گرنگ و زراڤەکانی مێژووی مرۆڤایەتی، کە بەهۆیەوە ئەزموونگەلێك لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوازرێتەوە. مرۆڤ لەناو چوارچێوەی چیرۆك و ڕەمانگەلێك دەژیت هەر لە چرکەی یەکەمی لەدایکبوونەوە تا کۆتا چرکەی ژیانی کەمەندێك ڕووداو و بەسەرهات و کارەکتەری جۆراوجۆر ژیانی هەڵدەسوڕێنن، ڕەنگە خۆی بەشێکی دروستکەری ئەوان بێت و ڕەنگیشە ئەوان بەشێکی دروستکەری خودی خۆی بن. گرنگ ئەو لەو فەزایە دەژیت و گەشە دەکات و هۆش و هزری فراوان دەبن و دەکرێنەوە. لەگەڵ

ئەوەشدا ئەو فەزایە تا رادەی داخران تایبەتییە و هەست و نەستەکانی مرۆڤ لەخۆ دەگرن، کە ئەو هەست و نەستانە تەواو کەسییە و بەهیچ شێوەیەك ئەوی دی درکی پێ ناکات و ئاگاداری نییە، بۆیە کاتێك کەسێك لە ژیانیدا هەوڵێکی مرۆڤایەتی داوە و بەشێکی گرنگی ژیانی خۆی بۆ تەرخان کردووە. ئەو شەنوکەو و چرکەکانی کات و شوێنەکەی لەناو دێ و دەروونی خۆی حەشار داوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەش لە هەر کردەوەیەك، جا ئەو کردەوەیە دەستەجەمعی و کۆمەڵ و ئاشکراش بێت، نهێنیگەلێك هەن کە تەنیا پەیوەستە بە کەسەکانەوە، هەموو ئەوانە دەکرێ لە چوارچێوەی هونەرێکدا ئاشکرا بکرێن و تەواوی مرۆڤەکانی دیکەش بەشداری پێ بکرێت کە ئەویش ژیاننامەیە. لێرەشدا ژیاننامە ئەو کەناڵە گرنگە دەبێت کە ئەزموونی مرۆڤەکان دەگوازێتەوە و بەشداری مرۆڤەکان لە رووداو و بەسەرهاتەکان مسۆگەر دەکات. کەواتە ژیاننامە هونەرێکی گرنگە و لە وڵاتانی پێشکەوتووی هزری و ڕۆشنبیری لەزووەوە لە گرنگی ژیاننامەی زاناو داناکانیان گەیشتوون و بایەخێکی بێ وێنەیان پێداوە، بەڵام لە مێژووی کورددا زۆر درەنگ ئەو هونەرە بایەخی بەدیارکەوت و ڕووی تێکرا. بێگومان هەموو ئەو زانا و شاعیر و نووسەر و کەسایەتییە کوردانەی لەکێندا بە حاڵ بەرهەمێك و نووسینێکیان بەدەست دەکەوێت و ساغ دەکرێتەوە، ئەوا ئەگەر هونەری ژیاننامە ڕەواجی هەبووایە و ژیاننامەی خۆیان نووسیبا، نەك هەر بەرهەمەکەیان بەکو قۆناغە مێژوویەکەش لە گەڵك ڕووەوە ڕوونتر دەبوویەوە.

دیارە ژیاننامە وەکو زاراوەیەك باسکردنی ژیانی کەسێکە و لەناوەڕۆکی زاراوەکەوە مانای خۆی بەتەواوەتی خستەڕوو، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کەسایەتییەك چیرۆکی ژیانی خۆی بگێڕێتەوە، دیارە لێرەدا ژیاننامە یەکسان دەبێت بە خود، واتە خود دەبێتە سەنتەری گێڕانەوەو بەهەیەوە تەواوی هەڵەکانی دیکەی گێڕانەوە دەکەونە خزمەتی خودەوە. خود دەسەڵاتی تەواوی بەسەر دەقەکە دەبێت و ئاراستەی لایەنە و ڕەهەندەکانی دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا کاتێك ئەو دەقە شیعر دەبێت، گێڕانەوەی خود ئاڵۆزی و تەموماژ دەکەوێتەوە، بەحوکمی ئەوەی شیعر سێز و خەیاڵکی فراوان لەخۆ دەگرێت و بەهەیەوە ماناکان بە ئاسانی خۆیان نادەن بەدەستەوە. سەرەڕای ئەمانەش ئەوەی لە گێڕانەوەی ژیاننامە تاوەکو ئێستا بەرچاو کەوتووە ئەوەیە کەسێك تەواوی بەسەرهاتەکانی خودی خۆی لە ئەزموونی ژیانکردنی باس بکات و بە ئەوی دیکەی بگەیەنێت. ((واتا مێژووی ژیانی تاك و چۆنیەتیی هەسوکەوتی لەناو خەڵکدا، هەروەها گێڕانەوەی ڕووداو و بەسەرهاتی ژیانی تاکەکە، یان دووبارە ژیانەوەی مرۆڤە لەسەر ڕووی لاپەڕەکاندا)) (نیعمە قەرەنی،

2012:16). ئەو بەسەرهاتانە تەواوی لایەنەکانی کۆمەڵگە لەخۆ دەگرێت کە لە ڕوانگەی خودەوە دەگۆڕدرێنەوە. بەڵام کاتێك ئەو خودە شاعیر بێت و شیعر وەکو دەقێك هەڵدەبژێرێت بۆ ئەو بابەتە، مەسەلەکە جیاواز دەکەوێتەوە. لێرەدا مەرج نییە هەموو ئەزموونی ژیان و وردەکاری بەسەرهاتەکانی بەدوایەکدا ڕیز بکات و بیانگێڕێتەوە، بەڵکو بە سوود وەرگرتن لە تەکینکی شیعر و ئیحای شیعری ڕەنگە تەنیا خاڵێك وەربگرێت و خودییەتی خۆی تێیدا باس بکات، ئیدی لەو خاڵەوە ئاشنای گۆشەنیگای کەسی شاعیر دەبین بەرانبەر بە مرۆڤ و ژیان و کۆمەڵگەوە. بەو واتایەی شاعیر لە باسکردنی خودی خۆی شیعرییەتێك بەکار دەهێنێت لە زمانی پەخشان و گێڕانەوەی ئاسایی بێ دوور دەبێت.
کەواتە ژیاننامە لە دووتێیی خودەوە سەرچاوە دەگرێت و هەڵدەقوڵێت، بەو واتایەی کردەوەکانی خود دەبنە جێگەی بایەخ و گێڕانەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە خود کردەوەکانی خۆی دووبارە دەژیێنێتەوە، بێگومان لەمبارەیەوە پێویستی بە هزر هەیە بۆ ئەوەی ڕێکیان بخاتەوە، کاتێك دیکارت کۆجیتێیە بەناوبانگەکەی خۆی ڕاگەیاند (من بیر دەکەمەوە، کەواتە من هەم) ئەوا هەوێدا چالاکییەکانی هزر و کردەوەکانی ژیانی مرۆڤایەتی یەکگرتوو بکات و باسیان بکات، بەڵام هێزی ئەو کارەی بەخشییە هزر و بیرکردنەوەو بە سەرچاوەی چالاکییە ژیانییەکانی لەقەڵەم دا، لەبەرانبەردا (مین دی بیران) دژی ئەو بۆچوونە کۆجیتکەی خۆی دەربڕی (من دەیکەم، کەواتە من هەم) کردەوەی کردە سەر مەشق و بەپێش هزری خست، وەکو ئەوەی بیەوێت بڵێت کردەوە، نەك هزر سەنتەر و بناغەی ژیانی ئەو مرۆڤەیە کە خاوەنی هیچ نییە، جگە لەوەی کار بکات و بەرگری بنوێنێت و بەهێیەوە لە جیهانی دەرەوەدا خۆی تۆمار بکات. لەمبارەیەوە (د. زەکەریا ئیبراهیم ) پێیوایە لێرەدا مەسەلە هەڵبژاردن لەنێوان هزر و کردەوەدا نییە، بەقەد ئەوەی کە هزر و کردەوە دوو بنچینەی گرنگی ژیانن و هەڵبژاردنیش تەنیا لەنێوان ئەوەیە کە کردەوەیەك لەهزرێکی خراپە و کردەوەیەکی دیکەش لە هزرێکی چاکەخواز دێتە کایەوە (د. عبدالعزیز شرف،1998: 1) کەواتە خود لە دوو تێیی هزر و کردەوەدا خۆی دەنووسێتەوە و دووبارە لەسەر ڕووی لاپەڕەکاندا ژیان دروست دەکاتەوە:

لەمەشدا هزری خود داینەمۆی کردەوەکانییەتی و ئەو ئەزموونەی لە چوارچێوەی دەقێکی شیعریدا دەیخاتە ڕوو یەکانگیرێکە لەنێوان هزر و کردەوەدا. بەدیوێکی دیکەشدا دەکرێت لە دایکبوونی ئەو دەقە

شیعرییەش بە کردەوەیەکی دیکەی هزری خودی شاعیرەکە لە قەڵەم بدەین و بازنەیەکی سووڵاوەی هاوکێشەی هزر و کردەوە دروست بکەین.
بۆگومان خود نووسینەوە یەکێکە لە جۆر و لکەکانی ژیاننامە، بەو پێیەی ژیاننامە چەند جۆرێکی هەیە لەوانەش:
1ـ ژیاننامەی گشتی: لەو جۆرە ژیاننامەیەدا نووسەر ژیانی کەمەڵەکەسێك کە خۆی دەستنیشانی کردوون دەنووسێتەوە.
2ـ ژیاننامەی تایبەتی: ئەو ژیاننامەیە تەنیا بە دەوری یەك کەس دەخوڵێتەوە و هەموو بابەتی ژیاننامەکە تایبەتە بە کەسێکی دیاریکراو، کە ئەمەشیان دوو لکی لێ دەبێتەوە:
أـ ژیاننامەی خودی، یان خود نووسینەوە، کە نووسەر رووداو و بەسەرهاتەکانی ژیانی دەگێڕێتەوە.
ب ـ ژیاننامەی بابەتی: کە نووسەر رووداو و بەسەرهاتی کەسێکی دیکە دەنووسێتەوە (نیعمە قەرەنی،2012 :17).
بابەتی سەرەکی ئەمە خود نووسینەوەیە کە لکێکە لە ژیاننامەی تایبەتی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە تاك چەقی گێڕانەوە دروست دەکات و هەوڵ دەدات ئەزموونی خۆی بۆ کەسانی دەوروبەری بگوازێتەوە. مەبەست لەم گوازتنەوەیە، ئەگەرچی بەنەمرکردنی خودە لە کۆی ژیاندا، لە هەمانکاتیشدا سوودگەیاندنە بە کۆی هەوڵست و بینین و رامانەکانی بۆ ئەوەی دەوروبەر لەناخی بگەن و بیخوێننەوە.
بۆگومان خودنووسینەوە پەیوەستە بە گێڕانەوە، چونکە گێڕانەوە زەمینەسازییەکی گەورە دەکات بۆ ئەوەی خود بتوانێت گوزارشت لە خۆی و لە گشت ئەزموون و جیهانبینی بکات. بەهۆی ئەمەشەوە ژیانی وەکو چیرۆکێك بەرجەستە دەکات و لە دووتوێی ژانرێکەوە دەیخاتەوو، بەو واتایەی ((چیرۆکی ژیانی ـ یان چیرۆکێك لە چرکەیەکی ژیانیدا ـ لە کەمەڵێك پێشنیاز پێکنەهاتووە، کە بۆ هەبژاردن بشێت، بەکو دروستکراوە بەو پێیەی کە گێڕانەوەیە، ئەمەش کەمەڵێك ڕوشوێن دەچەسپێنێت، کە لەگەڵ پێداویستییەکانی گێڕانەوە بگونجێت، هەروەها دەبێت لەگەڵ ـ ئەوەی رووداوە ـ بۆ تاك، یان ئەوەی کە تاك بیری دەکەوێتەوە بەو پێیەی رووداوە، بگونجێت)) (جینز بروکمبیر و دونال کربو،2015: 53). بەمشێوەیە خود نووسینەوە، یان ژیاننامەی خودی لەرگەی گێڕانەوە دەچێتە ناو بازنەی دەربڕین و لەوێوە زەمینەی خۆاگەیاندن دەدزێتەوە. ئەمەش پەیوەندییەکی پتەو بە ژانرەکانی ئەدەب دروست دەکات و ئەدەب دەبێتە ئەو مینبەرەی تاکەکان خودی خۆیان تێدا دەدزنەوەو ئەزموون و رامان و بینینەکانیان تێیدا بە ئەوانی دی دەگەیەنن، یەکێك لەو هۆکارانەش کە وا دەکات تاك، بەتایبەتیش نووسەر و شاعیر ئەزموون و رامان و بیرکردنەوە و هەستەکانی ناوەوەی خۆی لەڕێگای ئەزموونەکانی ژیانییەوە بە ئەوانی

دی بگەیەنێت، ئەوەیە کە ((ئارەزووی هەمیشەییە بۆ نەمربوونی خودی خۆی، ئەو ئارەزووش لە کاتێکدا هەست بە جیاوازی و جیاکاری خۆی دەکات، دەگەشێتەوە و دەگاتە ئەوپەڕی لووتکەی دەربڕین، لەو حاڵەتەشدا هەستێکی بەهێز لەلای دروست دەبێت، کە ئەو مرۆڤەکە شایەنی مانەوەیە و ئارەزووی بە نەمربوونیشی زیاتر هەڵدەکشێ، بەتایبەتیش لەو حاڵەتانەی کە هەست دەکات بە هەر هۆیەك لە هۆکارەکان لە مەرگ نزیك بێتەوە)) (تهاني عبدالفتاح شاكر، 2002: 25)، لێرەشدا نووسەر و شاعیران هەست بە نەمانی جەستەیی خۆیان دەکەن، پێش ئەوەی مەرگ زەفەریان پێ ببات، هەوڵ دەدەن لەڕێگای گۆڕانەوەی بوون و ئاوەڵاکردنی خودی خۆیان، پێش وەختە نەمری بەدەست بهێنن و ئەوان دەست لە مەرگ بوێرنن و زەفەری پێ ببن.
خود گۆڕانەوە مۆژوویەکی کۆنی هەیە. لە مۆژوودا گەلێك دەق هەبووە ژیاننامەی خودیان وەکو بنچینە وەرگرتووەو تێیدا کەسێك لەبارەی ژیانی خۆیەوە دواوە و ئەزموون و بیرکردنەوەکانی خستۆتەڕوو. بەدرێژایی مێژووش نووسەرو شاعیران پەنایان بۆ خودنووسینەوە و خود گۆڕانەوە بردووە، بەهۆی ئەم حاڵەتەشەوە گەلێك شێوەی جیاواز بۆ خود نووسینەوەو گۆڕانەوەی ئەزموون و ڕامان و بیرکردنەوەکانی نووسەران هاتۆتەکایەوە. ئەم جیاوازییانە و لێکەوتەکانیان لە لایەن (د. معجب الزهرانی)ییەوە لە سێ ئاڕاستەی سەرەکیدا کورت کراونەتەوە:
ـ ئاراستەی یەکەم: نووسەرو شاعیر خود نووسینەوە و گۆڕانەوەی بەسەرهاتەکانی ژیان و ڕامان و بیرکردنەوەکان وەکو ئامرازێك بۆ ڕاگەیاندن و پرتستێکردن و ئاشکراکردنی تاوانەکانی تۆندوتیژی دەسەڵاتی ستەمکار بۆ کائینی تاك بەکارهێناوە. ئەمەش لەڕێگای بوێری نووسینێك، کە خود لە پێگەی قوربانییەوە بۆ پێگەی مرۆڤێکی ئازاد و چالاك و بەرگریکار لەدژ هەموو جۆرە زوڵم و ستەمێك دەگۆڕێت.
ـ ئاراستەی دووەم: نووسەر لەڕێگای خود نووسینەوە هەوڵ دەدات بەوپەڕی ئازادی و بابەتییەوە دووبارە ئەزموونەکانی ژیانی کەسی خۆی پێك بهێنێتەوە. لێرەشدا ئامانج لە خود گۆڕانەوە ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵاتی ستەمکار، یان کەمەگە نییە، بەڵکو قووڵکردنەوەی تێگەیشتنی مەرجە تایبەتی و گشتییەکانی ژیانە کە هۆشیاری خود پێك دەهێنێت .
ـ ئاراستەی سێیەم: نووسەر خود نووسین وەکو شێوەیەك بەکاردەهێنێت بۆ داشتنەوەی ئەزموونە جۆراوجۆرەکانی ژیانی لە ڕوانگەیەکی خۆشی و ئاهەنگگێڕانەوە. کە بەهۆیەوە ئازارەکانی خود لە ڕێگای فێربوون و هۆشیارییەوە بەدیار دەکەوێت، لەڕێگای جوانییەکانی ژیان و

پەیوەندییە گەرموگوڕییەکانی نووسەر کە لە وڵستگەیەکی تایبەتی تەمەنی تێیدا ژیاوە (د. معجب الزهرانی، 2009: 97) .
ئەم ئاڕاستانەی خود گڕانەوە بواری گوزارشت کردنیان لە ژانرە ئەدەبییەکانی وەکو چیرۆك و ڕۆماندا باشتر دەڕەخسێت، ئەمەش بەهۆی ئەو پانتاییە فراوانەی ئەم ژانرانە لەخۆیان گرتووە، وەلێ ئەوە بە مانای ئەوە نایەت ژانرەکانی دیکە نەتوانن خودنووسین لەخۆ بگرن، بەتایبەتیش شیعر کە هەر لەگەڵ بوونی مرۆڤەوە خەون و ئاوات و هەستەکانی مرۆڤی دەربڕیوە و بەشێکی گرنگی لە ژیانی خودی مرۆڤەکانی پێکهێناوە. بە واتایەکی دیکە شیعر ئەوەندە پەیوەستە بەخود کە تا ئەو ڕادەیەی قووڵایی خودی مرۆڤەکان دەردەبڕێت و لەگەڵ خودی مرۆڤەکاندا شەنوکەو دەکات. هەر لەبەر ئەمەشە شیعر وابەستەی خودە و خودی مرۆڤ ئاوێنەی شیعر پێکدەهێنێت. بۆیە خودنووسین لەگەڵ شیعردا مامەڵەیەکی تایبەتی دەوێت، کە بتوانێت هەموو بیرکردنەوەو ڕامان و بینینەکانی مرۆڤ لەخۆ بگرێت. لەم ڕوانگەیەوە شاعیران لە هەموو کەسێك زیاتر وابەستەی خودی خۆیان و ژیانی تایبەتی خۆیانن، ئەو ژیانەی کە ناوەوەیان دروست دەکات و هەمیشە لە کەسانی دیکەیان جیا دەکاتەوە. بەم پێیەش شاعیر لە دەقەکانیدا نمایشی خودی خۆی بە چۆی دەکات و هەوڵ دەدات خودی خۆی پیشانی ئەوی دی بدات.
سەرەڕای ئەوەی پێکهاتە و تەکنیکی شیعر چڕو کورت و پوختە و لە چەند وشەیەکدا دەگیرسێتەوە، کە ئەمەش بواری کەمتر بە شاعیر دەدات خودی خۆی نمایش بکات، بۆیە دەکرێت شیعر پانتاییەکی داخراو بێت بۆ خودنووسین، بەو واتایەی شاعیران لە دەقەکانیاندا بە کەمترین وشە دەبێت بینین و ڕامانەکانی خۆیان باس بکەن، ئەمەش وا دەکات لەژیانی خۆیاندا لێرە و لەوێ چەند وڵستگەیەکی گرنگ و کاریگەر هەڵبژێرن و بەپێی تەکنیکی نووسینی شیعر ئەو ئەزموونەی ژیانیان باس بکەن، لەبەر ئەوە قورسترین خودنووسین، ئەو خودنووسینانەن بە شیعر ژیاننامە و ئەزموونی خۆیان دەگێڕنەوە.
ئەو تەکنیك و ئامرازانەی لەدەست شاعیر دا هەیە، بۆ خودنووسین، ڕەنگە زۆر کەم و دیاریکراو بێت لە چاو ئەو تەکنیك و ئامرازانەی بەدەست چیرۆکنووس و ڕۆماننووسانەوە هەن، بۆیە گەلێك لە شاعیران لەڕگای بیرەوەری پەخشانئامێز ئەزموونی ژیانیان دەگێڕنەوە. ئەوانەی بەشیعر ئەزموونی ژیانیان دەگێڕنەوە هەمیشە ژمارەیان کەمترە، چونکە باڵادەستی و شارەزاییەکی زۆری پێویستە، سەرەڕای ئەوەش شاعیر دەبێت بە تەواوی زاڵ بێت بەسەر دەقەکەی و تەکنیکی گێڕانەوە تێکەڵی تەکنیکی شیعر بکات، ئەمەش کارێکی قورسە و بەهەموو کەسێك ناکرێت. لەبەر ئەوە دەقی شیعری خودنووسین، دەقێکی

ئاواز و تەکچرژاوە، چونکە لە یەك کاتدا هونەرەکانی گۆرانەوەو تەکنیکەکانی شیعر لە بۆتەی یەك دەقدا کۆدەکاتەوە. شاعیر دەبێت جیا لەباسکردنی چەند وەستگەیەکی ژیانی، لەهەمانکاتیشدا ئاگاداری تەکنیکەکانی شیعر بێت و لێیان لا نەدات.
لەم چوارچێوەیەدا (سەباح رەنجدەر) دەقێکی شیعری بە بەشێك لەوەستگەکانی ژیانی تەرخان دەکات و لە چوارچێوەی هونەری شیعری و هونەرەکانی گۆرانەوە، خودنووسین بە جێ دەگەیەنێت. لەم دەقەدا ناونیشان، کە ( 18/11/1965)ە. ناونیشانێکی سەرنج راکێشە، چونکە ناونیشانی دەقەکە پیت و وشە نییە، بەکو ژمارەیەـ ئەو ژمارەیەش کاریگەری لەسەر وەرگرتنی دەقەکە هەیە، چونکە بەکارهێنانی ژمارە بە ناونیشان خێی لە خێیدا جۆرێك لە تەمومژ و ئاڵۆزی هەدەگرێت. لەهەمان کاتیشدا کۆمەڵك پرسیاری لەهەناوی خێیدا هەدەگرێت و خوێنەر عەوداڵی ئەوە دەکات بەدوای وەڵامەکاندا بگەڕێت. ئەگەر لە روانگەیەکی مۆڤوویەوە بەکارهێنانی ژمارە لەناو ئەدەبیاتدا وردبینەوە. دەبینین کە ژمارە رۆڵی خێی لە ناو ئەدەبیاتدا گۆڕاوە و لە گەلێك دەقدا پەنای بە بردراوە، بەتایبەتیش لە ئەفسانەدا ژمارە کاریگەری و قورسایی خێی هەیە، هەر بۆ نموونە ژمارە (7) لە ئەفسانەکاندا خاوەن هێزکی تایبەت و سیحراوییە و کەدکە بە گەلێك شت بەکاردەهێنرێت و چارەنووس دەخوێنێتەوە. بۆیە بەکارهێنانی ژمارە لەلایەن (رەنجدەر) بۆ ئەو دەقە هەڵەمەکی و لە خۆوە نەبووە، بەکو مەبەست و ئامانجێکی دیاریکراوی هەبووە. پێش هەموو شتێك ئەو ژمارانە هەر ژمارەی ئاسایی نین، بەکو مۆژوون، واتە: دەلالەتە لە کات، کاتەکە پێکهاتووە لە رۆژ و مانگ و ساڵ. کەواتە: لێرەدا ناونیشان سێ پارچەی کاتی کۆکردۆتەوەو ئاماژەی بە سێ کاتی جیاواز داوە، ئەمەش لە خێیدا قورسایی و پێگەیەك بە ناونیشانەکە دەبەخشێت و دەرگای گومان و پرسیارگەلێك دەکاتەوە کە خوێنەر وا لێ دەکات هەڵوەستەی لەبەرانبەردا بکات و خێی پەیوەستی دەقەکە بکات و بەدوای وەڵامدا بگەڕێت. دیارە ناونیشان کلیلی کردنەوەی دەرگای دەقە و بەهێی ناونیشانەوە دەتوانین بچینە ناو کێشك و تەلاری دەقەوە. ناونیشان یەکەم پارچەی دەقە کە بەرکەوتەی راستەوخێی لەگەڵ خوێنەر دروست دەکات. بۆیە تا ناونیشان بەهێز و ئامانجدار بێت ئەوەندە بەرکەوتەکەی بەهێزتر دەبێت و زیاتر خوێنەر گیردەی خێی دەکات. ئەگەر بەوردی لەناونیشان وردبینەوە، دەلالەتە بۆ رۆژکی ساڵ. واتە: قورسایی ناونیشانەکە لە رۆژکدا کۆکراوەتەوە. چونکە کاتێك بەروارێك بەم شێوەیە دەنووسرێت، زیاتر مەبەست لە رۆژەکەیە، بە بۆ ئەوەی مانگ و ساڵەکەش فەرامۆش بکرێن. بەڵام قورسایی رووداوەکە زیاتر لەو رۆژەدا کۆبۆتەوە، نووسەر ئەگەرچی

مەبەستی ساڵ و مانگیشە، بەڵام دیارە ڕۆژەکەش لەهەمووان گرنگتر بووە. بە وردبوونەوەو خوێندنەوەی ناوەڕۆکەکەی زیاتر لەمەبەست و ئامانجی شاعیر دەگەین، کە بۆچی ئەو بەرواڕەی کردۆتە ناونیشانی دەقەکەی، چونکە ناونیشانێکی وەها راستەوخۆ هیچ تێگەیشتنێك و کۆدێك نادات بەدەستەوە، وەڵێ کاتێك پەیوەستی دەکەیت بە ناوەڕۆکەکەیەوە، ئەوا یەکسەر ئامانج و مەبەستی ئاشکرا دەبێت. بەتایبەتیش کە ناوەڕۆکی دەقەکە خود گۆرانەوەیە، واتە: گۆرانەوەی ژیانی ڕابردووی شاعیرە، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت ژیاننامەی شاعیر دەبێتە چەقی پێکهێنانی دەقەکە، بۆیە شاعیر بەرواڕی لەدایکبوونی خۆی، ڕاستەوخۆ دەکاتە ناونیشانی دەقەکە. کەواتە: ئەو ژمارانە ئاماژە بە ڕووداوێك دەکەن، ئەویش ڕووداوی لەدایکبوون و هاتنە سەر تەختی شانۆی ژیانی شاعیرە. لێرەدا خوێنەر یەکڕاست لە ناونیشانەوە بەرکەوتەی لەگەڵ خودگۆڕانەوە دەبێت و ڕووداوێکی گەورە، کە لە دایکبوونی شاعیرە دەبێتە سەرەتای دەستپێکی ئەو خود گۆڕانەوەیە، بەدیوێکی دیکەدا شاعیر تەنانەت سوودی لە ناونیشانیش بینیوە بۆ گۆڕانەوەی ژیاننامەکەی. کەواتە: ناونیشان سەرەڕای ئەوەی کاتە و ئاماژە بە پارچەکانی کات دەکات، لەناوەڕۆکیشدا ئاماژە بۆ ڕووداو دەکات، کە ئەویش ڕووداوی لە دایکبوونی خودی شاعیر خۆیەتی. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ناونیشان وەسف، یان ستایش نەبووە، بەڵکو بەشێك بووە لە خودگۆڕانەوەی ژیانی شاعیرەکە خۆی. ئەمەش بەهۆزی بۆ دەقەکە دروست کردووە و خوێنەری ڕاکێشاوە بۆ ئەوەی هەوڵ بدات بزانێت لەو بەرواڕە چی ڕوویداوە .

بەتایبەتیش شاعیر لە دەستپێکی دەقەکەیدا ئاماژەکانی ڕاستەوخۆ بە ناونیشانەوە بەستاوەتەوە، دەستپێکی هەر دەقێکیش گرنگی و بایەخی هونەری خۆی هەیە، چونکە دەستپێك زەمینەخۆشکەرێکە تاوەکو خوێنەران بتوانن بە ئاسانی و بە بێ زەر لە خۆکردن بچنە ناو دەقەکەوە. دەستپێك وەکو هونەرێك ستراتیژ و ڕایەڵەکانی گشتی دەقەکە دروست دەکات، لەوەوە نووسەر هەوڵ دەدات کرۆکی بابەتەکەی بۆ خوێنەران ئاشکرا بکات. چەند دەستپێك بەهۆز و سەرنج ڕاکێش بێت، ئەوەندە دەقەکە بەهۆز دەبێت و خوێنەر کەمەندکێش دەکات بۆ ئەوەی بچێتە ناوەڕۆکی دەقەکەوە و بەردەوام بێت لەسەر خوێندنەوەی دەقەکە. ئەگەر سەیری دەستپێکی ئەو دەقەش بکەین کە بەمشێوەیە دەست پێ دەکات:

ساڵەکان ماندوون و گەرانی نیوە گوتراون
دیوانەکەم لەلایەك دادنێم و داوا لە خودا دەکەم
ئەو چاکەیەم لەگەڵدا بکات

لە ھۆزی لەدایکبوونم کچ و باربم (سەرەتا وشە بوو: 3)

دەبینین راستەوخۆ پەیوەستە بە ناونیشانەوە، بەواتایەکی دیکە ناونیشان بەردەوامی بەخۆی دەدات و لە دەستپێکدا ھێما سەرەکییەکانی دادەڕێژێتەوە. خود گۆرانەوە، یان ژیاننامەی خودی پەیوەستە بە کاتەوە و بەواتای گۆرانەوەی کاتی رابردوو دەگەیەنێت، کەواتە: ماددەی خامی خودگۆرانەوە کاتە، ئەو کاتەشە کە بابەی پشتی دەقی ژیاننامەیی پێکدەھێنێت، ئەو ئاماژەیە لە دەستپێکدا بەووتی بەدیار دەکەوێت و یەکەم وشەی دەقەکە بە (ساڵەکان) دەست پێ دەکات. ساڵەکان، واتە: کۆی گشتی ئەو کاتانەی شاعیر تێیدا ژیاوە، بەم شێوەیە ھەر لە یەکەم وشەی دەستپێکدا شاعیر ستراتیژ و ڕێگای بینینی بۆ خوێنەران ڕۆشن کردۆتەوە، کە دەقەکە ژیاننامەییە و باس لە ساڵانی رابردووی ژیانی دەکات. ئەو ڕوون کردەوە و ناسینەی شاعیر ویستوویەتی لە دەستپێکدا خوێنەرانی پێ ئاشنا بکات بەوە دەستی پێکردووە (ساڵەکان ماندوون و گۆرانی نیوە گوتراون) واتە: قورسایی دەستپێك کاتە، ئەو کاتەی شاعیر لەناویدا ژیاوەو لە ئێستا کۆتایی ھاتووە و شاعیر ھەوڵ دەدات لە ڕێگەی دەقەوە دووبارە بچێتەوە ناو ئەو ژیانە رابردووە و زیندووی بکاتەوە. لە ھەمانکاتیشدا لە ڕێگەی ئەو دێرەی یەکەمەوە ئاماژە بەو ھەموو نەھامەتیی و ناخۆشییە دەدات، لەناو ژیانیدا ئەزموونی کردووە و ساڵەکان ماندوون بە واتای ھیلاکی و ناخۆشی ڕووداوەکانی تەمەنی شاعیر دێت و لەوێوە شاعیر کە ئێستا لە ژیاندا ماوە گەلێك ئاوات و ئارەزووی ھەبووەو بەشکیان بەزیندوویی مردوون و بەشکیان ڕەنگە تا نیوە جۆبەجێ کرابن، گۆرانی نیوە گوتراون دەلالەتێکە کە ھێشتا شاعیر لە ژیاندا ماوەو ھەوڵی بەدیھێنانی خەون و ئاواتەکانی دەدات. لەم دێرەوە راستەوخۆ ناونیشان و دەستپێك لەناو بۆتەی یەك ستراتیژدا تێکەڵ دەبن و خودگۆرانەوە ڕەنگدێژ دەکەن.

دیوانەکەم لەلایەك دادنێم و داوا لە خودا دەکەم
ئەو چاکەیەم لەگەڵدا بکات
لە ھۆزی لەدایکبوونم کچ و باربم (سەرەتا وشە بوو: 3)

ھەر لە دەستپێکدا شاعیر پێناسەی خۆی و کارو پیشەی خۆی دەکات و دەستەواژەی دیوانەکەم لەلایەك دادەنێم ئەوە دەسەلمێنێت شاعیربوون پیشەکەیەتی و لەو ڕێگەیەوە شاعیر بەشکی گرنگ لە ژیانی خۆی بۆ وەرگر ئاشکرا دەکات و ھەوڵ دەدات لە پیشەی شاعیری خۆی دوور بکەوێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت ژیاننامەی خودی خۆی دوور لە کاریگەری و کارتێکردنەکانی شاعیربوونی بگۆڕتەوە، بۆیە ئاماژە بە

ڕۆژی لە دایکبوونی خۆی دەکات و لەگەڵ ناونیشانی دەقەکە ڕێك دەکەوێتەوە کە رووداوی لە دایکبوونی خۆیەتی، دووبارە لێرەدا ناونیشان و دەستپێك تێکدەئاڵێن و ستراتیژییەتی دەق دادەڕێژن. لەو دەستپێکەدا شاعیر ساتی لە دایکبوونی زۆر بە ڕوونی لەرێگای ناونیشانی دەقەوە دیاریکردووە. لەهەمانکاتیشدا بە دەستەواژەیەك ژیانی خۆی کورت و پوخت کردۆتەوە کە دەڵێت: (لە ڕۆژی لەدایکبوونم کڕچ و باربم) بۆ واتای ئەوەی ژیانێکی تژی لە ناخۆشی و نەهامەتی هەبووە، کڕچ و بار پێچەوانەی نیشتەجێییە، ئەوی یەکەمیان بارێکی ناسەقامگیر و ناچەسپیوە و کە هەمیشە لە گۆڕانایە، وەلێ ئەوەی دووەمیان بارێکی چەسپاوە و سەقامگیرە کە گۆڕانی زۆر سست و لەسەر خۆیە. بۆیە دەبینین لە دەستپێکدا شاعیر هەم ڕۆژی لە دایکبوونی خۆی دیاری دەکات و هەمیش ڕۆژگاری ژیانی خۆی باس دەکات. بۆگومان هەر کەسێك لە دایك بێت، دەشمرێت، واتە: هەموو سەرەتایەك، کۆتاییەکی هەیە، بۆیە شاعیر هەر لەو دەستپێکەدا سەرەڕای ئەوەی دووبارە جەخت لەسەر ناجۆری ژیانی دەکاتەوە، ئارەزووی مردنێکی باشتر لە چاو ژیانی دەکات، کاتێك دەڵێت: (دارەبازەی بۆنخۆشیشم بۆرز بکرێتەوە ناو ووناکییەکی بۆهۆز) دارە بازە وەکو کۆدێکە شاعیر بۆ مەرگی بەکارهێناوە، دەکرێت لێرەدا پرسیاری ئەوەش بکەین کە بۆ ڕاستەوخۆ (مردن، مەرگ) ئەو وشانەی بەکارنەهێناوە، دیارە بوونی دارەبازە هێشتا جەستەی کەسەکە لەناو ژیاندا ماوەو نەچێتە ژێر گڵ، لەکاتێکدا مردن و مەرگ هەموو شتێکی بڕاندۆتەوە و کۆتایی هاتووە، چونکە شاعیر هێشتا لە ژیاندا ماوە دارەبازە ئەو هیوایێ کە هێشتا بە جەستەش بێت لە ژیاندا دەمێنێتەوەو ئارەزووی ئەوە دەکات بە ڕووناکی بگات و لەو شەوە تاریکی ژیانی ڕزگاری ببێت.
دەقی شیعری دەقێکی هێمادار و پڕ لە ڕەمزو کێدە و ڕستەکانی کورت و پوختن، بۆیە بۆ باسکردنی بابەتێکی وەکو ژیاننامە، قورسە بتوانرێت تەواوی وردەکارییەکانی ڕۆژانەی ژیان و بەسەرهاتەکانی تێدا تۆمار بکرێت. لێرەدا شاعیر بە ناچاری بەشێك لەوێستگە گرنگەکانی ژیانی هەڵبژاردووە، ئەو وێستگانەی کاریگەری و کارتێکردنێکی قووڵیان لەسەر ئەو و کۆمەڵگەکەی هەبووەو ڕامان و بینینەکانی ئەویان گۆڕیوەو هەستەکانیان خەملاندووە. لەبەر ئەوە شاعیر پەنای بۆ (وێنە چیرۆك) بردووەو هەوڵی داوە لەڕێگای وێنە جۆراجۆرەکانی ژیانییەوە بەشێك لە هەوێست و تێڕوانییەکانی خۆی باس بکات، لە یەکێك لەو وێستگانەی ژیانی و لە ڕێگای وێنە چیرۆکەوە باس لە نەهەماتییەکانی شەوی ناوخۆ دەکات:

هەواڵی بای جەنگی ناو چیاکانم پرسی

بۆنی پیس و ناقۆڵای لوولەی تفەنگم بۆ هات
خۆشی لە خۆم
ڕازی کەروێشکەکم نەشکاندووە
مشکیشم لەکەدار نەکردووە (سەرەتا وشە بوو: 4)

لێرەدا شاعیر ژیانی خۆی لەناو چوارچێوەی شەڕی نەگریسی ناوخۆیی دەگێڕێتەوە، بەگومان لەگەڵ هەڵدانەوەی ئەو لاپەڕە ڕەشانەی مێژووش، هەوڵستی شاعیر لەبەرانبەر ئەو کارە نەگریسەیە ڕوون و ئاشکرایە و بەتوندی دژی ئەو کارەیە و بە بۆنکی پیس لە مێژووی نەتەوەکەی و لە مێژووی خودی خۆی دایدەنێت. پرسینی هەواڵی جەنگ بەو مانایە دێت، کە شاعیر ڕوانین و بیرکردنەوەی ئەوەیە ئەو جەنگە لەبەرانبەر دوژمن ئەنجام بدرێت، بەڵام بە داخەوە برایەکان دەستیان چێتە خوێنی یەکتر، ئیدی ڕووبارێك خوێن ڕێچکەی کردووە و بەدەستی یەکترییەوە وشك نابێت و بەردەوام لە ڕەوکردندایە. ئەو کارە قێزەونە مرۆڤ فڕی ئەوە دەکات کە هەمیشە تووندەو و تاوانبار بێت و لە هەموو بەهایەکی مرۆڤایەتی ببڕخشرێت. شاعیر خۆی لەگەڵ ئەو جۆرە مرۆڤانە بەڕاورد دەکات، لەوێنەیەکی شیعریدا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ئەو تەنانەت ڕازی کەرۆشك و مشکیشی لەکەدار نەکردووە، چ جا لەوەی کە مرۆڤێك خەڵتانی خوێن بکات. ئازارەکانی ئەو شەڕە نەگریسەی برایەکانی چیا، ئەوەندێ بەسێیە شاعیر لەدوای خۆ ناساندن و چەسپاندنی ڕۆژی لە دایکبوونی یەکەاست دەچێتە سەر ئەو بابەتە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە کاریگەری و کارتێکردنێکی گەورەی لەسەر دەروونی شاعیر دروست کردووە، هەبژاردنی وەها بابەتێك بۆ ئەوەی وەکو یەکەم وێستگەی ژیانی شاعیر ئەوێ ڕوون دەکاتەوە کە خودی شاعیر لەژێر کاریگەری ئەو مێژووە سوور و ڕەشەوە گێڕاوەو کەوتۆتە ناو بارودۆخێکی دیکەوە. بارودۆخێك ئێش و ئازارێکی بۆ وێنەی لەگەڵ دروست کردووەو ناخی شاعیری هەژاندووە. هەر لەبەر ئەوەشە شاعیر باسی منداڵی خۆی ناگێڕێتەوە وەکو وێستگەی سەرەتا، چونکە منداڵی جیهانی بۆ تاوانی و پەپوولەییە، بەکو جیهانی دێندە و خوێن ێیشتن دەکاتە سەرەتا. بەدیوێکی دیکەدا شاعیر دەیەوێت پەمان بێت ئەو شەڕ نەگریسانەی برایانی چیا منداڵی ئێمەیان کوشت و هەرگیز مرۆڤی کورد نەیتوانیوە قێناغی منداڵی بژیت و خەون و جوانییەکانی ئەو قێناغە بکاتە ملوانکەی هەڵگرتنی بۆ تەمەنەکانی دیکە، بەکو ئەو جەنگە ملوانکەیەکی لەملی مرۆڤی کورد داناوە کە بەخوێنی برایەکەی خۆی دروست کراوە. شاعیر تەنیا بە نیشاندانی وێرانەی خودی خۆی وەکو لکەوتەی شەڕی براکوژی ناوەستێت، بەکو وێرانەی خەڵك و میللەتەکەشی وێنا کردووەو پیشانی

داوه:

بەناو خەکدا تێپەڕیم
ویستم دوا وشەیان لێ وەرگرم و دوا وشەشم ببیستن
ەوخسارەکان گرمەی ببوون
مردنیش بەردەوام ەووی دەدا
بیرم لە ئاسمانی بە باران کردبووەوە و هاتبووم
گوللەی گیربوو لە زمانیان دەربهێنم
کوورەی ئەتەمیش
وەک دەمی بوکانێکی دامرکاو دابخەم (سەرەتا وشە بوو: 4)
بارودۆخی خەڵك وەکو دەرئەنجامی شەڕی نەگریسی ناوخۆ گەلێك دژوار بووە و شاعیر لەخودی خۆیەوە خودی ئەوانی دیکەمان بۆ روون دەکاتەوە لە چەند وێنەیەکی شیعریدا کە زیاتر پەنای بۆ هێما خەمبار و دڵتەنگییەکان بردووە، هەوێیداوە ئەو بارودۆخە وێنا بکات و رووخساری مرۆڤی سەردەمی شەڕی برایانی چیا و مردنە بەردەوامەکان پیشان بدات. لەهەمانکاتیشدا هەوڵستەکان دژی ئەو شەڕە روون دەکاتەوە دەستەواژەی گوللەی گیربوو لە زمانیان، گوزارشتی لەو باوردۆخە کردووە کە دەسەڵات هەمیشە بە گوللە وەڵامی داواکاری و داخوازییەکانی جەماوەرەکەی داوەتەوە و هەوڵی دەمکوتکردنی هەموو دەنگێکی نارازیی داوە. سەرەڕای ئەوەش خودی شاعیر هەوڵی ئەوەی داوە ئەو شەڕە کە وەکو کوورەیەکی ئەتەمە دابخات و تا هەتا دابمرکێتەوە و خەڵکی لەدەستی رزگاریان ببێت. شاعیر کاتێك لە خودی خۆیەوە دەچێتە ناو جەماوەرەوە و لەوێشەوە وێنەکە گەورە دەکاتەوە و وێنای جیهانی سەردەمی ژیانی خۆشی دەکاتەوە:

تاریکایی جیهانیشم لێ پێشە
پێویستە من ئارام بم
شیعر ئەندازەی ئازارەکانی زەوی و بیرەوەری شوێنپێکان
کردوومت بە خوێنی پشتی خۆت
لە گۆستانی شادمانیی ئاوێتەی خاکم کە
(سەرەتا وشە بوو: 5)

شاعیر بارودۆخی سەردەمی ژیانی دەخاتەوو کە ئەویش وەکو خودی خۆی و نیشتمانەکەی تاریکە، بەڵام ئەو تاریکیانە جیاوازن، تاریکی خودی خۆی، تاریکایی مرۆڤکە بە دیدێکی شاعیرییەوە پڕی ناوەتە جیهان و دەیەوێت بوونی خۆی لەو جیهانەدا بچەسپێنێت، تاریکایی نیشتیمانیش لە ژێر چەپۆکی داگیرکاری و شەڕی برایانی چیادا نقووم بووە، وەلێ تاریکایی جیهان لە بڵدەنگی و بێ هەوڵستی بەرانبەر بە نەتەوەکەی

و خوێنەرشتنی مرۆڤەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، واتە: تاریکی جیهان چەند قاتی تاریکی خودی خۆی و نیشتیمانەکەی قورسترە، چونکە هەموو ئەوانەی لە ژیانی خۆی و خەڵکیدا روو دەدەن لە ئەنجامی بڕەوستی و بڵدەنگی جیهانی دەرەوەیە. بۆیە شاعیر لە ئاست ئەو زوڵمە گەورانەوە داوای ئارامی لە خودی خۆی دەکات و ڕێگای شیعر هەڵدەبژێرێت، بۆ ئەوەی پەیام و ڕامانەکانی بە ئەوانی دیکە بگەیەنێت. ئازارەکانی زەوی و بیرەوەری شوێن و مرۆڤەکان، خودی کەسەکە دەکەنە شاعیر و شاعیر شیعر دەکاتە خوێنی خۆی. بەو واتایەی چۆن مرۆڤ بۆ خوێن توانای ژیانی نییە، شاعیریش بەبێ شیعر توانای ژیانی نییە. کەواتە: شیعر دەبێتە یەکێك لە نەریتە ڕۆژانەییەکانی شاعیر و هەمیشە بەهۆی شیعرەوە دەژیت. لەم وێستگەی ژیانیدا شاعیر لە دوای باسکردنی شەڕی برایانی چیا، وێستگەیەکی دیکەی گرنگی هەبژاردووە بۆ باسکردن، ئەویش بوون بە شاعیر و خووگرتن بە شیعرەوە بووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت شاعیر بۆ دەربازبوون لەو بارودۆخە ناهەمواوە پەنای بۆ ئەدەب و شیعر هێناوە و ئەو ڕێگەیەی بە باشترین
ڕێگە هەبژاردووە و ئێمەی لە بەرانبەر ئێم هاوکێشەیەدا وەستاندووە، کە ئەویش شەڕی براکوژی بەرانبەر بە شیعر.

ئەم هاوکێشە ژیانی سەرەتایی شاعیری پێکهێناوە و هەوێداوە لە چەند وێنەیەکی شیعری و بە چەند وێستگەیەك لە خود گۆڕانەوەدا ڕوونیان بکاتەوە. لەو هاوکێشەیەدا شاعیر دوای ئازارێکی زۆر لەدەست لێکەوتەکانی شەڕەوە، ئەو هەمیشە لەبەری شیعر بووە و ئەوی هەبژاردووە. شاعیر سەرکەوتووانە شیعری وێناکردووە بەوەی کە دەربازبوونە لە نەهامەتییەکانی شەڕ. لەهەمانکاتیشدا ژیانی لەنێوان دوو بژاردە داناوە کە یەکێکیان شیعرە و پێچەوانەی دێخی شەڕە و هەبژاردنی ئەو دوو دێخەشی بۆ مرۆڤەکان بەجێهێشتووە، ئەو خۆی لەو خود گۆڕانەوەیە ئاماژەی بە چاکەی هەبژاردنی خودی خۆی بۆ شیعر کردووە و هەوێیشی داوە خەڵك لەوە بکات کە ژیان بە هۆی شیعرەوە دروست دەبێت و لەڕێگای شیعرەوە پردی خۆشنوودی دروست دەبێت و بەختەوەری فەراهەم دەکرێت. شاعیر ڕوونتر ئەو هاوکێشەیە ڕوون دەکاتەوە:
کە تۆختۆشی ڕەوانبێژییە بنووسن ئاوێنە گۆڕکە
لە پۆلکی دووەمیشدا پێکەری سەرکردە
(سەرتا وشە بوو: 5)
لێرەدا شیعری بە تەختەهشی ژیان وێناکردووە، هەموو کەسێك کە شیعری هەبژارد دەتوانێت خودی خۆی بنووسێتەوەو ئازادانە بیار لە

ژیانی خ‌ی بدات و بو‌رانه بیرکردنه‌وه‌کانی به‌یان بکات و ببـ‌ته ئه‌و ئاو‌نه گه‌وره‌یه‌ی که هه‌موو که‌سـ‌ك خ‌ی تـ‌دا ببینـ‌ته‌وه. له‌به‌رانبه‌ر هه‌ـبژاردنی شه‌ـ، په‌یکه‌ری سه‌رکرده‌یه‌ك هه‌ـده‌بژ‌ر‌ـت که ئه‌و بـ‌یار له‌سه‌ر ژیانت و بیرکردنه‌وه‌و خواردن و خواردنه‌وه‌ت ده‌دات و دواجاریش به بـ‌یاری ئه‌و ده‌بـ‌ت بمریت و خو‌نت له کاسه‌یه‌کدا پـ‌شکه‌شی بکه‌یت. ئه‌مه چوارچـ‌وه‌یه‌ك بووه که شاعیر تـ‌یدا ژیاوه‌و پـ‌گه‌یوه:

بـ‌م شـ‌و‌یه له لـ‌شـ‌کدا ‌‌نگ و ‌ووم کرایـ‌وه
زـ‌وی به هـ‌مای پـ‌نجه گـ‌رم بوو
‌‌ش و سپی ‌‌نگی تـ‌واون و له چا‌ی گولـ‌یـ‌ك
‌ستی بینینیان تـ‌کپـ‌‌ی
مـ‌ترسیی دـ‌ندـ‌ی تاهـ‌تاییان تـ‌پـ‌‌اند
شیعر کردنی به یـ‌کـ‌م ئومـ‌د
ئومـ‌دی دووـ‌میش هـ‌شتان ‌وخساری پیشان نـ‌داوین
(سـ‌ر‌ـتا وشـ‌ بوو: 6)

شاعیر له‌ناو ئه‌و بارودـ‌خه‌دا دروست بووه‌و ره‌نگ و رووی کراوه‌ته‌وه، له‌ناو ئه‌و هاوکـ‌شه‌یه‌ی شه‌ـو شیعردا ژیاوه که شاعیر به ‌ه‌شوسپی و‌نای کردووه، له‌نـ‌وانیشاندا شاعیر رووی له سپییه‌که کردووه و شیعری کردـ‌ته‌وه ئارامی خودی خ‌ی و به یه‌کـ‌م ئومـ‌دی داناوه، له‌و‌ه چاوی له هیواکانی دیکه گرتووه، که هـ‌شتا ماون رووخساریان پیشان بده‌ن و ئاره‌زوو و ئاواته‌کانی شاعیر به‌دی به‌ـنن.

له‌به‌شـ‌کـ‌ی دیکـ‌ه‌ی گ‌‌انه‌وه‌که‌یـ‌دا شـ‌اعیر ئامـ‌اژه بـ‌ه ئه‌زمـ‌وونی شیعرنووسینی خ‌ی ده‌دات و ر‌ـوشو‌نی نووسینی شیعر و که‌شی ناوه‌وه‌ی خودی خ‌ی باس ده‌کات:

‌ووناکییـ‌کی مایـ‌و‌ی ناو قـ‌زاخه
کـ‌م‌‌ـ‌ك دـ‌ستنووسی تـ‌واونـ‌کراوی دامـ‌
به تاسـ‌و‌ه ‌اما و فـ‌رموو تـ‌واویان بکه
له ساکاریی توانیم بـ‌م جـ‌ره بژیم
باران بـ‌ر له بارینی
کـ‌پلـ‌یـ‌کی له دـ‌ستنووسـ‌کـ‌ی پـ‌یداهاتبووم‌وه
هـ‌‌ـبژارد بـ‌ هـ‌‌‌چنی
له ماتـ‌می بلیمـ‌تان بگـ‌‌‌وه
خانـ‌ی شاکارـ‌کانی خودا ‌ژاوـ‌ته خانـ‌کانتـ‌وه
(سـ‌ر‌ـتا وشـ‌ بوو: 7)

شاعیر هـ‌زی نووسینی شیعری بـ‌ ئه‌و رووناکییه گه‌ـاندـ‌ته‌وه که دـ‌ به‌و تاریکییه‌ی ده‌دات خ‌ی و نیشتیمان و جیهانه‌که‌ی گرتووه، ئه‌و رووناکییه ده‌بـ‌ته هه‌و‌نی شیعر و ده‌ستنووسه‌کانی ژیانی پـ‌ ده‌به‌خشـ‌ت

و داوای لێ دەکات تەواوی بکات، ئەو جارە ژیانەی شاعیر وای کردووە هەمیشە بێ شیعر بژیت و لە رووناکیدا بمێنێتەوە، تاوەکو بەرەو مەنزڵگای ئەوین و خۆشنوودی بوات و لەگەڵ خۆیدا وشیارییەکی درەوشاوە بهێنێتەکایەوە کە بەهۆیەوە وەکو بارانێك هەڵچنی کردەوەکانی ژیانی پێ بکات:

ئەگەر پەنجەم لەسەر کاغەز
ڕاوی لە گەمی لێ کرد
لە دڵگەم مشکی دز بیخوا
چاوەڕوانیی و بڕزاریيم کەمتر دەبن
دەشمەوێ خەونەکانم زوو بگرم
نەوەك سەریان لێبن باڵی شکاوی
نائومێدی بنێن و لە دەستم دەرچن
(سەرتا وشە بوو: 7-8)

ئەو چونکە مەبەستی هێنانەکایەی دنیایەکی دیکە و هێشاربوونەوەیەکی درەوشانەوەی گەرەکە، بۆیە هەرگیز بیر لە خیانەتکردن لە شیعر و وشەو ڕستەکان ناکاتەوە، کاتێکیش لە ڕۆژگاردا گەر دووچاری جۆرێك لەو ناڕاستگۆییە بووە، بوێرانە دان بەوەدا دەنێت کە هەموو نووسینەکانی دەکاتە خۆراکی مشکێکی دز و لێ بڕبەری دەبێت. شاعیر، چونکە لەناخی خۆیدا هەگری کەمەڵك پەرەنسیپ و بیروباوەڕە هەرگیز بیر لەوە ناکاتەوە لە وشە و ڕستەکان جیا ببێتەوە ڕچکەیەکی دیکە هەبژێرێت، هەر لەبەر ئەمەش خاوەن ئومێدێکی گەورەیە بە ژیان و دەیەوێت بە زووترین کات خەونەکانی بەدی بهێنێت.

شیعرەکانم دژی زمن و ژیانی لەوە باشتر ناژین
داواشم لە خاڵبەندی کردووە واز لە ڕاوەدوونانی ڕستە بهێنێت
ئێستا هەر ئەوندەم لەسەرە
لە نائومێدی نەترسم و بشزانم هەوڵنی ئاسوودەیی نامێنێت
(سەرتا وشە بوو: 8)

کاتێك شاعیر ڕاستگۆیی و بوێری لەلای دەبێتە ئەرك و هەمیشە شیعر دەکاتە ژیان و نوێبوونەوە، ئیدی شیعرەکانیش دەست لەسەر سنگ دەوەستن و دژی دەبن و لەوە باشتر کەسێکی دیکەیان بەدەست ناکەوێت نازیان بکێشێت و بەخۆیان بکات. بۆیە کاتێك کەسانێك بەو جۆرە لە روانین و بیرکردنەوەکانیان دەخەنە ناو کەمەگەوە، ئیدی کەسانێکی دیکە دژایەتییان دەکەن و هەوڵی لەناوبردنیان دەدەن. بگومان ئەمەش ململانێیەکانی کەمەگە و ژیانە و هەمیشە کۆتایی

نایەت و لەدواجاریشدا براوە دەبێت بە ئەوانەی، کە بە راستی کاردەکەن و بە بەرەی حەق بێت. دیارە ئەم ململانێیە لەناو گەڕەپانی ئەدەبیدا بە ململانێی نەوە ئەدەبییەکانەوە بەند دەبێت، هەمیشە لەناو نەوە ئەدەبییەکاندا ململانێ لەناو خودی شاعیران و نووسەراندا دروست دەبێت، کە دەبێتە کرێکی پێکهێنەری وشیاری و کلتووری ئەو نەوەیە، لەم روانگەیەوە شاعیر داوا لە نەوەکەی دەکات واز لە ڕستەکانی بهێنن و ئەوەندە خاو و نوقتە بە ڕستەکانی نەدەزنەوە، چونکە ڕستە خێی واتایەکی تەواو دەبەخشێت و پێویستی بەو هەموو ململانێیەی ئەوانەوە نییە. ئەو، چونکە نائومێد نییە، ئیدی ژیان بەردەوامی پێ دەبەخشێت و خاڵبەندییەکان ناتوانن کۆتا ڕستەی پێ بنووسنەوە و لە گەڕەپانەکە بیوەستێنن.
لە وێستگەیەکی دیکەی خود گەڕانەوەیدا شاعیر بە گوندەکەی شوێنی یەکەمی لە دایکبوونی دەگەڕێتەوە و دووبارە هەوڵ دەدات لەوێدا زیندووبێتەوە:

لەناو گەرمەی خوێنکدا ئاو ڕازم دەستنیشانکرد
گەڕستانی شادمانییم لە گوندەکەمە
وخسارە لە یادکراوەکان و باڵندە تێیدا بەخەبەردێن
(سەرتا وشە بوو: 8)

ئەو گەڕانەوەیە بە ژیانی منداڵی و بە کەشوهەوای ناو گوندەکەی و گەڕانەوەی ڕووخسارە لەیادکراوەکان و باڵندە ڕەنگاوڕەنگەکان، گەڕانەوەیە بە زەمەنی جوانی و پەپوولەیی، زەمەنێك کە بەشکی گرنگ لە کەسایەتی و دەروونی مرۆڤ پێکدەهێنێت. ئەو گەڕانەوەیە وەکو خەونێك وایە هەمیشە گەورەکان وەکو بڕووسکێك، خەونێك هەمیشە بەشێك لە ژیانی منداڵیان لەناو یادگەیان تۆمارکراوە و بە ئاگا، یان بێ ئاگا لە کات و ساتی دیاریکراودا دێتەوە بەرچاویان، دیارە بێ کەسانێك کە خود گەڕانەوە ئەنجام دەدەن، گەڕانەوە بە ئەو قۆناغە بەشکی گرنگ لە خودی خۆیان پێکدەهێنێت و بێ ئاماژە دان ناتوانرێت خودگەڕانەوە تەواو بێت.
خودگەڕانەوە، ئەگەرچی پەیوەستە بە ڕابردووەوە و هەمیشە ماددە خاوەکەی لەو کاتە ڕابردووە وەردەگرێت. لەگەڵ ئەوەشدا شاعیر بازێکی بەسەر ئەو خاسیەتەی خودگەڕانەوە داوە، مردن و ژیانی دوای مەرگیشی تۆمارکردووە، کە هەر چەندە هێشتا ڕوویان نەداوە:

لە گۆڕکەشمەوە لێخم دەڕوانم
بووم بە گەی زەوی بە چواردەوری هەموواندا دەسووڕمەوە
تاج و ئەڵماسی واقوماناکی هەمیشەیین

مانگ دەبینم دەژی
ئەسپی کەوی یەکەم گزنگ
دەخاتە سەرپشتی و دەتە سەرەتای ڕێگا
دەپرسێ خودا ئاسمانی بە بانەدە یان فڕێکە ڕاشنکردووە
شیعریش نقەمی ئەنگوستیلە ڕاشندەکاتەوە
هەنگاوی ورچی عەل و حەپەلی پێ تێك دەدا
(سەرەتا وشە بوو: 9)

لەرەدا خود گۆڕانەوە لە ڕابردووەو گەیشتووە بە داهاتوو و ئەزموونکی نوێی تەمارنەکراوی باس کردووە، شاعیر بە ئەوەی خولی ژیانی خۆی لە خودگۆڕانەوە بەتەواوەتی باس بکات، هەر چۆن لە ناونیشانەوە کە بەرواری لە دایکبوونییەتی، لەکۆتایی دەقەکەش باس لە مەرگی خۆی دەکات و خولی ژیانی خۆی پێ تەواو دەکات. (لە گۆڕکەشمەوە لەخەم دەڕوانم) شاعیر لەناو گۆڕەکەیدا دووبارە ڕەحی خودی خۆی زیندوو دەکاتەوەو لە زەوی و ئاسمان و ژیان و مرۆڤ دەڕوانێت و دەیەوێت بزانێت ژیانی پاش ئەو چۆنە و چی دەگوزرێت، لەوێشدا بەردەوامی ژیان دەبینێت و بە دەستەواژەی مانگ دەژی و ئەسپی کەوی دەتە سەر ڕێگا گوزارشت لەو ژیانە ئاساییەی دەکات کە هەمیشە لە بەردەوامبوون بێزار نابێت.

**سەرچاوە:**


1. سەباح رەنجدەر، سەرەتا وشە بوو، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران 2020.
2. نیعمە قەرەنی، هونەری ژیاننامەی خودی لە ئەدەبی کوردیدا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ـ هەولێر 2012.
3. د.عبدالعزیز شرف، ادب السیرة الذاتیة، مکتبة لبنان 1998.
4. جینز بروکمبیر و دونال کربو،السرد والهویة: دراسات في السیرة الذاتیة و الذات و الثقافة، ت: عبدالمقصود عبدالکریم، مرکز القومی للترجمة، القاهرة 2015.
5. تهاني عبدالفتاح شاکر، السیرة الذاتیة في الآدب العربي، المؤسسة العربیة للدراسات و النشر، بیروت ـ لبنان 2002.
6. د. معجب الزهرانی، الروایة العربیة… ممکنات السرد، مطابع دار السیاسة، دولة الکویت 2009.

# منداڵ و چیرۆکۆشیعر.. خرتە، بە نموونە.. ئەرسەلان حەسەن

**پەرایی**

مێژووی چیرۆکۆشیعر لەئەدەبی کوردی بە گشتی و ئەدەبی منداڵان بە تایبەت دەرینە و شاعیران و نووسەرانی کوردییش ئاوییان لەداوەتەوە و بە نووسین و وەرگێڕان، مەیەکییان خستووەتە سەر خەرمانی چیرۆکۆشیعری منداڵان و خەرمانێکی پڕ پیت و بەرەکەتییان وەسەریەک ناوە.

چیرۆکۆشیعر، لە چیرۆک و شیعر پێکهاتووە، واتا هەم چیرۆکە و هەم شیعر و بە شیعر چیرۆکمان بۆ دەگێڕنەوە یان (لەووخساردا شیعرە و لەناوەڕۆکیشدا چیرۆکە. بنەما و پێویستییە سەرەکییەکانی شیعر و چیرۆکیشی تێدایە). کەواتە چیرۆکە شیعر بنەماکانی چیرۆک و شیعریشی تێدایە و لەچیرۆکۆشیعردا هەم شیعر و هەم چیرۆک بەهەموو بنەماکانیانەوە دەخوێنینەوە.

داهێنەری چیرۆکۆشیعر

شاعیری فەرەنسی (لافۆنتین: ١٦٢٠ـ ١٦٩٥) بەداهێنەر و پێشەنگی چیرۆکۆشیعری ئەفسانەیی بە منداڵان لەجیهانێدا ناسراوە و چیرۆکۆشیعری بە منداڵان نووسیوە و وەرگێڕاونەتە سەر زۆربەی زمانەکانی گۆلانی جیهان بەزمانی کوردیشەوە.

شاعیرانی کوردیش بەنووسینی چیرۆکۆشیعر ئەدەبییان دەوڵەمەند کردووە بەتایبەتی ئەدەبی منداڵان، لە ئەحمەد شەوقی بەچۆک کورد بگرە تا بەکەس و پیرەمێرد و زێوەر و لەتیف هەمەت و ئەستێرە ئەمین محەمەد و عەلی حەمەشید بەرزنجی و فەرید ئاژین و هتد...

فەرید ئاژین و چیرۆکۆشیعری منداڵان

فەرید ئاژین شاعیرێکی گەنجی شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و چیرۆکۆشیعر دەنووسێت و لەوبوارەدا جێ پەنجەی دیارە و چەند جارێک خەڵات کراوە و لەرەدا دەمەوێت ئاوڕێک لە چیرۆکۆ شیعری (خرتە) بدەمەوە، کە چیرۆکۆ شیعرەکە و دەیکەمە مشتێک لە نموونەی خەرواری ئاوانین بە شیعرەکانی دیکەی.

چیرۆکی شیعرەکی

باسی بچکۆ سمێرۆیەک (خرتە) دەکات دوای وەرگرتنی مۆڵەت لە دایکی تا بۆ یاریکردن (کایەکردن) لەماڵ بچێتەدەر، هەر چەند دایکی پێیدڵێت زۆر دووری نەکەوێتەوە، بەڵام بەدەم یاریکردنەوە (کایەکردنەوە) لەبیری نامێنێت و لەماڵ دووردەکەوێتەوە و بەماوەی نازانێت تا دەگاتە بەردەکی و لەوێ دەنگێک دەبیستێت و سەرنج دەدات دەبینێت هەویێ، بچکۆ سمێرەکی زۆر دەترسێت، بەڵام قەڵەشێک (قاقاو) لەوێ لەسەر دارێک دەبێ و پێیدڵێت ئاکە و وەرە سەردارەکە و بچکۆ سمێرەکی دەچێت و قەڵەشەکی لەوێ ناونیشانی ماڵیانی لێ دەپرسێت و ئەویش بەچاوی پڕ لەفرمێسکەوە پێیدڵێت، بەڵام قەڵەشەکی دەیەوێت فریوی بدا و دڵێت ماڵەکی خۆشم بێ تەهێ و دەیەوێت بەبیانوی خواردنی خۆش بیباتە کونەکەوە و دوای پشوودان دەتبەمەوە ماڵەوە. سمێرە باوەی پەدەکات، بەڵام پڕپوڵێکی لێ پەیدا دەبێت و بەنهێنی پێیدڵێت: قەڵەکە درێ دەکات و دوژمنتە و قسەی دایکیشی بیردەکەوێتەوە، کە وای پێگوتووە و ناونیشانەکەشی باڵدارێکی بەر و هۆشە و دەنگیشی ناخۆشە، بەڵێ یەکسەر بەدزی قەل و هەوی دەستی پڕپوڵە دەگرێت و بێیەکەوە هەدەن، پاشان ماندوو دەبێت و داوای ئاو دەکات و کەروشکیش لای کیسەڵ ئاوی بە دەنێت. دوای پشوودان خۆە دێت و خێریک دەبێت خۆی لێ بکەوێت گوێی لەدەنگێک دەبێت و دەیناسێتەوە دەنگی دایکیەتی و خێرا بەرەو دایکی هادەکات و خۆی دەخاتە ئامێزی و داوای لێبووردنی لێ دەکات و پاشان سوپاسی پڕپوڵەکە دەکات.

شێوازی نووسینی چیرۆکەشیعر

سەرەتا دەبێت بزانین شێوازی نووسینی چیرۆکەشیعر بە منداڵان: (سوکوئاسان و هێواش و بەگرێ وگۆ و تەبا بێت بە قەناغەکانی تەمەنی منداڵان.. بەزەریش چیرۆکەشیعر هەماییە و لەسەر زمانی باڵندە و ئاژەڵان دەیناووسن و دەیگۆنەوە).

دەتوانین بڵێین چیرۆکەشیعرەکە سوکوئاسان و هێواش و بەگرەوگۆ و تەبایە بەو تەمەنەی بەی نووسراوە و دەتوانن بەئاسانی ئەزبەری بکەن و ماندوو و هەناسە سوار و بە بەزاریان نەکات و لەخوێندنەوەی بەردەوام بن، واتا لەی بەزار نابن تا وەلای بنێن و نەیخوێننەوە.

چەند نموونەیەک لەچیرۆکەشیعرەکە:

خرتە کە لە خۆ هەستا
تا لای دایکی نۆستا
یان

خرتە بۆچکە سەرەس
خۆی وا ئەزانە گەورەس
یان
ئەمن مانی خۆشم هەس
کە تایبەت بە سەرەس
یان
جا پێوولەیش وتی پێ
ئیتر ئاگات لە خۆ بێ
خرتەش کردی سپاسی
وتی ئەتۆ زۆر خاسی

وتنە لە چیرۆکەشیعرەکەدا
پێوەندی وتنە و شیعر و چیرۆک لەئەدەبی منداڵاندا پێوەندییەکی پتەوە و زۆرجار وتنەی ناوونی و ئاڵوزیی چیرۆکەکە بەمنداڵ ووندەکاتەوە و وادەکات بەئاسانی تێی بگات، واتا گۆر منداڵ لە چیرۆکەشیعرەکە نەگەیشت، دەکرێت بەدیتنی وتنەکە لەمبەستی چیرۆکەشیعرەکە بگات. بەیە پێویستە وتنەکەش کە وتنە بە چیرۆکە شیعرێک دەکەشت، زۆر بەوردی و پاش چەند جارێک خوێندنەوەی چیرۆکەشیعرەکە ئینجا وتنەکە بکەشت، چونکە ئەگەر وتنەکە پەرچکارەوەی چیرۆکە شیعرەکە نەبێت و بەوتنە چیرۆکەشیعرەکەمان بە نەگەتەوە، ئەوا باڵانسی وتنە و چیرۆکەشیعرەکە تێکدەچێت و میزاجی منداڵ دەشێوێنێت.
لەم چیرۆکەشیعرەشدا، هەر لاپەڕەیەک وتنەی تایبەت بەخۆی هەیە و وتنەکەشکە توانیویەتی بە سەلیقەیەکی زۆر لەهاتووانە، جوان، ورد و نوێگەریانە وتنەکان بکەشێت، کە بەگومان دەتوانم بڵێم زوو سەرنجی منداڵ بەخۆی کێش دەکات و بەدڵنیاییەوە منداڵان لە وتنەکانەوە لە چیرۆکەشیعرەکە دەگەن و چێژی تایبەتی لێوەردەگرن، ئەگەر هەشتا فەری خوێندنەوەش نەبووبن، چونکە دەزانین منداڵ سەرەتا لە وتنەوە دەست پێ دەکات و پاشان خوێندنەوە.

لوت سپی و خرتە
لوت سپی فیلمێکی کارتۆنی بەرهەمی کۆنانی کودساتە و لەگەڵ خرتە باسی بۆچکە سەرۆکێک دەکەن. ڕاستە لە هەندێک شتدا یەکناگرنەوە، بەڵام یەک کۆتاییان یەکە و دەتوانین بڵێین شاعیر لەکاتی نووسینی ئەم چیرۆکەشیعرە سیلەی چاوێکی لەسەر فیلم کارتۆنەکە بووە و کاری تێکردووە.

ئەنجام

چیرۆکشیعری (خرتە) بە زاراوەی ئاردۆلانی (سنەیی) نووسراوە، بەڵام مەرج نییە تەگبر بۆ لاوەی هەموو منداڵانی کورد بیخوێنێتەوە و وەکو ئاو و دە ئەزبەری بکەن، بەڵام تەنی نەگەن. بۆیە لەگەڵ هیوای سەرکەوتن و پشکوتنی زیاتر بۆ شاعیر فەرید ئاژین، دەخوازم لەمودوا خۆی لاو وشانە بەدووربگرێت بەدنیا پاک و بگەردەکەی منداڵ نامۆ و نەشیاون و کوردی نین و لە کوردیدا وشەی گونجاو و جوانتر هەیە و هەر چەند ئەم چیرۆکشیعرە (خرتە) زۆر درێژ نییە، بەڵام چیرۆکشیعرکانی دیکەی درێژن و دەکرێت لەمودوا تەچاوی ئەمەش بکات و بەزمانێک بنووسێت هەموو منداڵانی کورد تێی بگەن.

**ئەرسەلان حەسەن**

---

سەرچاوەکان:
چیرۆکشیعر لە ئەدەبی منداڵانی کورد … تەزا شوان.
خرتە، فەرید ئاژین، چاپەمەنی زانست، چاپی یەکەم ساڵی١٤٠٠ی هەتاوی، وێنەکێش: شەقایەق نوسرەتی.

---

# پرسی ماشیزمی بەشك لە تاکەکان لەباشووری کوردستان بە پێسای پێوانەدیێ سزاداریێکانی وك (خۆشویستی و هاوسەرگیری و جرکانی تر)..1..

**نووسین: ابراهیم موحەمەد(ئەبواهام لەقایی).**

بەشی یەکەم:
خزان وك پرسکی ووکشی نو بەشکی خزانکانی کوردی، ئەوی کە دەردکەوت جوهەری بەشك لە خزانکان نیین، لە ئاستکدا ئەوی

مرۆڤیش پشکنینی دکات، جۆهری مرۆڤکان نیین، هەمیشە نیهێنیکی قوڵتر هەیە کە ئۆدیسەی سنووری نائاگایش تێدەپەڕێنێت بۆ ئەو پرسانەی کە دەرناکەون بەڵام هێژك دەت دەنگی ئاگایی هەرچەن نزم بێت هەر دەبیستێت!
هەمیشە لەزماندا شتێك دەچەسپێت کەناخرێتە نێو زمان، کاتێك کە تەوك مرۆڤێك مامەڵەت هەڵگەدا ناکرێت لەنێو خەزان و کەمەڵگا، ئەمە لەتەدا دەچەسپێت، لە ئاستێکی تەردا مرۆڤ لە پەیوەندییە کەمەڵایەتییەکاندا بەشێوەیەکی گشتی بەدوای ئارەزوو و خەیاڵ و پەداویستە چەپەڵەکانی خەیدا دەگەڕێت بۆئەوەی لەکەسێکی تردا بیدۆزێتەوە و قەرەبووی ئەو دەخە بکاتەوە کە دەستی نەکەوتووە(جارێك لە میکانیزمە بەرگرییە دەروونییەکان).
خۆشەویستی ویستی دەرستەبەرکردنی ئارەزوو و خەیاڵکانی یەکترە لەپەیوەندیی لەنێوان مرۆڤکاندا، چەشنی پەیوەندی خۆشەویستی لەنێو بازنە کەمەڵایەتییەکاندا چەشنێکی بایەلۆژی دەروونی کەمەڵایەتی مەعریفی پێویستیە. وە خۆشەویستی دەتوانێت زامنی زەرەك لەئازارەکانی مرۆڤ بکات.

کاتێك باندێك لەنێو قەفەزدا لەدایك دەبێت و گەورەدەبێت، ئەم باندە پێی وایە زیان بریتیە لەو چوارچێوەی کە لەنێو قەفەزەکەدایە، بۆیە گەر ئازادیشی بکەیت هەردەگەڕێتەوە بۆ نێو قەفەزەکەی لەکاتێکدا خودی زیان لەدەرەوەی قەفەزەکەدایە. هەرلەبەر ئەم دەخەیە کەشەی ستەمکارێکی ترنیە بەکۆنبوونی کەیلەیە.
لێرەدا ئەم پرسە دێتە بەرباس، کە بۆچی بەشێکی بەرچاوی ئافرەتان و پیاوان لەباشووری کوردستان هەن کە هەمیشە کەسێکیان دەوە ئازاریان بدات؟

پرسی ئافرەت پرسێکی مێژوویە، پرسێك نیە کە لەزمانێکی دیاریکراودا بووستێت، لەزۆرینەی جگایەکانی دونیا، بەشێوەیەکی گشتی مرۆڤکان کەسێکیان دەوە کە ئۆیش ئەوی بوێتن، وە کەسێك نەتەدەکانەوە کە ئۆیش نایەوێت، بەڵام لەباشووری کوردستان هاوکێشەکە پێچەوانە دەبێتەوە بەجۆرێك کە بەشێکی بەرچاو لە ئافرەتەکان و پیاوەکان کەسێکیان دەوە کە ئەو نایەوێ، کەسێکیش نێت دەکانەوە کە بەڵاستی دەیەوێتن.

ئەم پرسی خۆ-ئازاردانە، زۆر بەقوڵی پەیوەندی بە مێژینەی تاك و نەفتاری خەزان بەرامبەر بەتاك بەتایبەت لەنێو خەزان و کەمەڵگایەدا هەیە، زۆرکات مرۆڤ ناچارە چی پشکشبکرێت هەمان

بابەت ببەخشنەوە، کە تۆ منالێکیت پەدەکەیت لەزیر و زەنگ و ناسەری، چۆن ئەو منالە لەداهاتوودا دەتوانێ خود-خۆیستی بخەی هەبێ و لەهەمان کاتیشدا بیبەخشێت بە دەوروبەری؟ چۆن دەتوانێ لەووی هەست و سۆز و هەڵچوونەکانەوە دەروەندروست و گونجاوبێت؟. بەو مانایەش نا کە هەرکەسێك مەژینەی منالێیکی بەم جۆرەبوو ئیدی نەتوانێ لەداهاتودا ببێت بە تاکێکی تەندروست و گونجاو. ئەم پرسە دەگوازینەوە بۆ دەخێکی داینامیکی تر. تەنانەت لەسەرووی ستەمکارەوە ستەمکارێکی تربوونی هەیە، کە لەدەخی یەکەمدا وەناکەبەو جۆرەیە کە ئەمە(منالەکان) قوربانی دەستی ستەمکاربین(خۆزان) لەکاتێکدا خوودی ئەم خۆزانەش بەهەی پانتایی سیستەمێکی نالەژیکدا کە مافەکانت بۆخۆن دەبینێ، دووبارە قوربانییە.

کەمەگاییەك کە نەتوانێ تاك بەرهەم بهێنیت، کەمەگایەك کە هەمیشە پەلەقاژەیەتی لەنێوان دوێنی و ئەمەدا، کەمەگایەك کە بەشێکی بەرچاوی تاکەکانی ناتوانن لە دەرەوەی سنوری خۆ و عەشرەت و گوند و شار و ئایین و لەهجە و شێوازار بیربکەنەوە. لەهەمان کاتدا بوونی پانتایەکی زەرفراوان لە وردە کلتووری فرەچەشنی چەقبەستوو(دەگماتیزم) کە لەنێوەدەکانەوە تاکو ئێستاش ئەم پرسانە بوونیان هەیە و دەخی گونجانی نائاسایی زەر قوڵ بەرهەم دەهێنن، بەنموونە دەتوانم بە ئامانجەوە ئەم قسەیە بکەم کە: بەدرێژایی پێنجا ساڵیش دەبە بەشێکی بەرچاو لە تاکەکان هاوسەرگیری دەکەن بەمەبەستی ڕزگاربوون لەچواردیوار، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا چ گرێنتیەك هەیە دەرەوە ئەو بەهەشتە بێت کە تاکەکە وەنای دەکات و نەبێت بە هەشت دیوار؟

لەبەشەکانی تردا تەزە بەقوڵتر گوزارشت لەم پرسە دەکەین و ڕێگا چارەسەریەکان دەخەینە بەرباس... .

---

# خەمی گەران و خەمی میلەت.. نووسینی/ عەتا قەرەداخی

**[ بەخۆایی مەترسە، خەم مەخۆ، مەگری لە ئێستاوە!]**

( زەربەی چز لە رۆحی پۆ گلاراوی گۆران بۆ مەرگی هیوای کوێی و زەربەی چز لە رۆحی پۆ گلاراوی ئۆمەی میلەت لەبەردەم مەترسی تراژیدیای لەناوچوونداا، دوو ئازاری هاوشێوەن ). زاراوەی خەم لێرەدا بەو مانایە بەکار دەهێنرێت ترسێك لەبەرامبەر ئێستاو ئایندەدا هەیە، بەڵام گۆرانی شاعیر ئامۆژگاری هیوای کوێی دەکات کە پێویست ناکات ئەو وەکو ساوا یان منداڵێك خەم بخوات کە نازانێت دنیا چیەو کەسیش نازانێت چارەنووسی بەرەو کوێیە. مرۆڤ ئەفریدەبوویەکە بۆ ئەوە خوڵقاوە فەرماڵەواو سەروەری زەوی بێت و عاقڵ و دەستکراوەشە بۆ ئەوەی هەموو نهێنیەکانی گەردوون ئاشکرا بکات و ببێتە خاوەنی راستەقینەی ئەم گەردوونە. گۆرانی شاعیر لێرەدا هیوای کوێی دەدوێنێت کە لە سەرەمەرگدایە. دەشێ هیوا فرمێسکی کۆتایی ژیان و کوژانەوەی ئەستێرەی بوونی بێژێت. دەشێ گۆران وەکو باوك ئەوەی بە هیوای دەڵێت مەبەستی خۆی بێت و داوا لەخۆی بکات کە خەم نەخوات لەسەرەمەرگی جگەر گۆشەکەیدا. بەڵام ئەگەر خەم لەم دەڵەە شیعرەی گۆراندا خەمی کۆتاییهاتنی ژیانی ساوایەك بێت لە روانگەی باوکیەوە، ئەوەش وەکو ساتەوەختێکی پۆ لە نیگەرانی سەیر بکرێت، ئەوا خەم رووبەرێکی فراوانتر دەگرێتەوەو دەشێ دەلالاتی زیاتری هەبێت ئەگەر لە ئاستی تاکەکەسەوە بگوازرێتەوە بۆ سەرئاستی کۆمەڵگە. ئێستا خەم لە روانگەی گۆران و خەمی ئۆمە وەکو نەتەوە چۆن پێکەوە دەبەستین. بۆ گۆران خەم بۆ ئەوەیە کە ساوایەك کە ئومێدی ئایندەی پێی هەیە، ئێستا لەسەرە مەرگدایە. خەمی ئۆمەش وەکو بوویەك وەکو نەتەوە یان کۆمەڵگەیەکی بۆ شووناس، هەمیشە هاوشێوەی ئەو خەمەی گۆرانە بۆ مەرگی جگەرگۆشەکەی. گریەو هەنسکی هیوا بە زەربەی چز لە رۆحی پۆ لە گلاراوی گۆران دەدات. پشێوی بارودۆخی کوردستان و کارکردنی نابەرپرسیارانەی بەرپرسانی کوردو ئازارەکانی جەماوەری ستەمدیدەو برسی و نەداری خەڵکی کوردستان بە هەمان شێوە رۆحی دڵسۆزان و خەمخۆرانی هەستیار دەهاژێت. مەرگی جگەرگۆشەکەی گۆران لەسەرەوەو دەرەوەی توانای دەسەڵاتی گۆران و هەموو مرۆڤایەتیە، بەڵام ئەوەی ئۆمە وەکو نەتەوە خەمی بۆ دەخۆین و دەترسین وەکو جگەرگۆشەکەی گۆران لەدەستمان بچێت لە دەستی خۆماندایەو ئەگەر بتوانین بیربکەینەوەو عەقڵ بەکاربهێنین و دەستبەرداری رق و کینەو گرێکانی ناخمان ببین و وەکو مرۆڤی پێگەیشتوو، وەکو دەستەو گروپ و حیزب و دەسەڵاتی هەست بە بەرپرسیارێتیکەرو وەکو مرۆڤ و حیزب و پێکهاتەی نەتەوەیی و نیشتیمانی بیربکەینەوەو نەتەوەو نیشتیمانمان لە رق و کینەو گرێ و بەرژەوەندییە تایبەتیەکانمان بەلاوە گرنگتر بێت و خۆمان لەو گرێیانەو لەو رق و کینە بەربەری و خێڵکیانە و لە هەژموونی

تاکەکەس و نوخبە نەخۆشە سیاسیە نانەتەوەیی و نانیشتیمانیەی کورد رزگار بکەین، ئەوا ساوای هیواو ئاواتە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکانمان وەکو هیوای جگەرگۆشەی گۆران نامرێت و خەمەکەی ئەمەش وەکو نەتەوە وەکو خەمەکەی گۆران نامێنێتەوە بەکو دەبێت بە پێکەنینی هەمیشەیی.

خەمی سەرەکی ئەمە خەمی بوونە، مەبەستمان لەم قسەیەش ئەوەیە ئەمە وەکو پێکهاتەیەکی ئیتنیکی کە لە رووی ژمارەوە هاوشانی زۆرێك لەو نەتەوانەین کەنەك هەر کۆشەی بوونیان نییە بەکو بووەیەکی هێند بە هێزیشیان هەیە لە زۆر قۆناغو وەستگەی مێژوودا نەك هەر لە رووی کەلتووریو عەقڵیەوە پێش زۆرینەی گەلو نەتەوەکانی جیهان کەوتوون بەکو لە رووی سیاسیو سەربازیو ئابووریو ئیداریشەوە توانیوویانە دەسەڵات بەسەر زۆر بەشی تری جیهاندا بکەن. هەبەت وەکو نەتەوە ئەمە هەرگیز خەم یان خواستو ویستی کورد نییە کە دەسەڵات بەسەر خەڵکی تردا بکات، بەڵام ئەمە کۆشەیەکی چارەنووسسازمان هەیە ئەویش کۆشە یان خەمی بوونە واتە ئەم جەستە گەورەیەی کە ناوی جەستەی کوردییە تاکو ئێستا جەستەیەکی پێناسەکراو نییە لە رووی سیاسیو کەلتووریو عەقڵیو ئیداریو ئامادەبوونەوە، واتە ئەم جەستەیە نەبووەتە جەستەیەکی خاوەن شووناس، شووناس بەو مانایەی کە لە رووی دەرەوەی خۆیدا توانای خۆنمایش کردنی هەبێتو بوونی خۆی رابگەیەنێت، واتە دەنگی هەبێتو ئەو دەنگەش لە لایەن ئەوانی ترەوە ببیسترێت، مەبەست لە بیستنیش ئەوەیە قورسیو هێزی دەنگەکە گوێی ئەوانی تر ناچار بکات بۆ گوێ لێگرتنو بیستنی نەك سۆزو بەزەیی هەکار بن بۆ ئەوەی گوێیان بکرێتەوە تا هاوارو نالینو کۆزانەوەکانی ئەمە ببیستن. بەگومان کەی دەنگی راستەقینەی جەستەی کوردیی گەیشتە ئاستی بە دەنگ بوونو ئەوانی تری ناچارکرد گوێی لێبگرن ئەوە جەستەی کوردی گەیشتوتە ئاستی خۆنمایش کردن کە ئەوەش گوزارشت کردنە لە بوونو شووناس. بەڵام رەنگە پرسیارێك لای هەموومان سەرهەبدات: باشە کەی کورد دەبێتە خاوەنی دەنگ، دەنگێك کە ئەوانی تر بیبیستن یان ناچاری گوێ لێگرتنی بن؟ ئەمەش خەمی سەرەکی ئەمەیە واتە خەمی شووناس کە ئەویش خەمی بوونە.

بەگومان وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە راستەخۆ بەندە بە خودی کورد خۆیەوە کە ئەویش لە ئاستی یەکەمدا لەو چرکەساتەوە دەست پێدەکات کە کورد بە بترس چوارچێوەی مافەکانی خۆی ئاشکرا بکاتو رایبگەیەنێت کە هەموو یاسا ئاسمانیو زەوینییەکان هەمان ئەو مافانە بە کورد رەوادەبینن کە بە ئەوانی تریان رابینیووە، بۆیە مافی خۆمانە پێ لەسەر ئەو داوایانەمان دابگرینو سووریش بین لەسەر ئەوەی کە ئەگەر ئەمەش لەبەر کەمەڵی هەکار نەتوانین بگەین بە

ئامانجەکانمان ئەوە مانای وانیە کە دەستبەرداری داواکانمان بووین، نەخێر بە پێچەوانەوە دەبێ بەئاشکرا رایبگەیەنین کە ئەوە ئێمەین لە بەر هەر هەیەك بێت بەرزکردنەوەی داواکانمان لەبەر بەرژەوەندی ئەوانی تر دواخستووە بەڵام دەبێ ئەوانی تریش تێبگەن کە ئەو دواخستنە بێ هەتا نییەو ئێمە سوورین لەسەر ئەوەی کە دەبێ دەنگی خەڵمان هەبێت، بێ ئەوی دەنگی خەڵمان هەبێت دەبێ ببین بە خاوەنی بوونو شوونناسی خەڵمان، بوونو شوونناسیش بە بێ سەربەخێیو درووستکردنی دەوڵەت نایەتە دی. دیارە ئەوەش لای کورد ئاشکرایە کە بەبێ سەربەخێیی هەرگیز بوونی تەواوی نابێت و ناشبێتە خاوەنی شوونناس و هەرگیز بوون و ئامادەبوونی نابێت لە ئاستی ئەوانی تردا، بەکو وەکو رابردووی و ئێستای هەر لە پەراوێزدا دەمێنێتەوەو نابێتە خاوەنی دەنگی بیستراو. واتە وەکو شەرکێ بکەس دەڵێت: ئێمە هەر گۆگر بووین و گۆگر بووین و گۆگر". تاکە ڕێگاش بێ ئەوەی کورد بێ هەتاهەتایە بە گۆگری نەمێنێتەوەو دەنگی هەبێت و دەنگی ببیستراێت، پێویستە پێ لەسەر داواکانی دابگرێت. ئەو پێداگرتنەش تەنیا لە سایەی یەکگرتنو یەکبووندا فەراهەم دەبێت، واتە گەیشتن بە ئاستی بوونو گەیشتن بە ئاستی دەنگ بەبێ یەکگرتنو یەکبوون نابێت. ئەگەر خەمی ئێمە وەکو نەتەوە خەمی شوونناس بێت ئەوا لە سەربەخێیدا دەگەین بە قۆناغی کۆتاییپێهێنانی ئەو خەمە. تەنیا یەکگرتن و یەکترخوێندنەوەو یەکتر قبووڵکردن و پێکەوەژیان و چارەسەرکردنی کێشەکانی ئێستا دەمانگەیەنێت بە بەدەستهێنانی شوونناس، واتە ڕەواندنەوەی خەمەکان. ب
ڕگومان درێژەدان بەم بارە ناهەموارو نادرووست و پێ لە قەیرانەی ئێستا کە بەرەو هەوێوەشاندنەوەو تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵایەتیمان دەبات… زیاتر فراوانبوونی ڕووبەری خەمە، لە بارێکی وەهادا خەمی ئێمەو خەمی گەرانی شاعیر هاوشێوە دەبن. کە ئەوەش ئەو تراژیدیا ترسناکەیە کە ئاواتەخوازی ئەوەین ئێمە نەیبینین و بە لۆجیکی عەقڵ ڕێگا لە ڕوودانی بگرین، کە ئەویش تەنیا بە یەکترقبووڵکردن بە کارکردن وەکو مرۆڤی تەواو، حیزبی تەواو، مرۆڤی نیشتیمانپەروەر، حیزبی نیشتیمانپەروەر، دەستەبژێرو ڕاگەیاندنی نیشتیمانپەروەر دەگاتە ئەنجام.دیارێ ئێوەش دەزانین کێ حیزبی نانتێوێیی و گوڵایەڵی داگیرکەران و حیزبی کۆمپانیای کارو بازاڕ و دەستبژێری سیاسی نەخێش و گرگن و نابەرپرسیارو بارکراو و بارگاوی کراو بێ ڕق و کینەو دژیان گرێی هەستبزوێنکەمی کردن نێ باکی بێ نەتێوەو نیشتیمان هەیە، نێ دەزانێت بەرپرسیاریتی چیەو گاڵتەی بێ عەقڵی ئێوانەش دێت کێ لێ خەمی ئایندەی نەتێوەو نیستیماندان، چونکێ ئەو دەستبژێرە سیاسیێ نەخێشێ بێ ڕاست و چەپ و مینەاوێیانەوێ لێ خەمی گیرفان و

پێگۆ وەهمیەکانیان و رازیکردنی ئاغا عەرەب و فارس و تورکەکانیاندان .

نووسینی/ عەتا قەرەداخی

---

# چیرۆک\ دۆنایەدۆن.. نووسینی: ئامانج شەروانی

بەسەرسامی لەسەر سەری تەرمەکە ڕاوەستابوو، فلیمی ژیانی خۆی وەکوو خوونێک دەهاتەوە بەرچاوی، فلیمی چی سەراپا سەرگورشتەی نائومێدی بوو! چەندین خوونی ناکامی لەدوا بەجێ مابوو، چەندین کاری تەواو نەکراوی جێ هەشتبوو! ئاخ، هەشتا زوو بوو! هەشتا گوڵێکی ناکام بوو، ئێ بێ دەبەت دەستی ناحەز ژیانێکی ئازادی پێ ڕەوا نەبینێت! ئێ بێ دەبەت جەنگاوەرکانی تاریکی بێ خەشوویستیەکەی ئەو قەدەس بووبن! ئێ بێ ئەویان لێ دایکێ میهرەبانەکەی کرد!
لەناکاو تەزوویەک بێ گیانیدا هات، خێ ئەو هەشتا پارەی خوەندنی منداڵێ هەژارەکەی دراوسێیانی دەوان نەکردبوو. باشە ئێستا ئەم منداڵێ چەن بخوەنێت، چەن گەشە بکات، چەن لێ داهاتوودا یارمەتی خەزانەکەی خەی بدات، تا لەم هەژاری و نەهامەتییە دەربازیان بکات! ئاخ، ئەم جەنگاوەرە بەرچاو تاریکێ چەندە دڕەق بوو! خێ هەرگیز بیری لێ پاشەڕۆژی ئەم دراوسێیان نەکردەوە! خێ ئەو خوەنەڕۆژە هیچ بیرەکی لێ نانی ئەوارانی ئەم ماڵێ هەژارێ نەکردەوە!
ئای، دەبەت ئێستا سەما چی بکات، ئاخێ دەبەت لێ فەرگێ گەڵابێتەوە! ئاخ جگەرگۆشەکەم، ئەوا دیسان هەزی تاریکیی زاڵ بوو بەسەر خوونێ پەمەییەکانمان. ئەوا دیسان سەربازێ دواکەوتووکان تیان بەباوک کردەوە! ئێستاش ئەم ڕۆژەم لێ یادە، کێ تەم لێ بناری چیای شەنگالێ دەزیەوە، ڕەق ڕەبەردەم تەرمی دایێ و بابەت ڕاوەستابووی. ئێ خێ ئەوانیش هەر بێ دەستی جەنگاوەرکی تاریکی، سەربازکی کۆنەپەرست، خوەنیان ڕژێنرابوو! هەتا ئێستاش چاوێ پێ ترسکانتم لێ یادە، هەتا ئێستاش چاوێ تامەزرەیکانتم لێبەر چاوێ!
بێگومانم گیانی بابێ و دایێت دۆنایدۆنیان کردووەتە ناو جێستەی من و خەشوویستکەم! دۆنا بەچی هەر لەم ڕۆژەوە هەتا هەنووکەش هەر وەک

منداڵی خەمان بۆخۆمان دەکردی! دەنا بۆچی هەر بە باوکی خت بانگت دەکردین! ئاخ، دەنگە ناسکەکەت چەند خۆش بانگی دەکردین باوکە، باوکە گیان! من ئێستا چۆن پێت بڵێم، کە ئەوان جارێکی تریش بێباوکیان کردی! جارێکی تریش ناهومێدیان کردی! ئای ئەوانە چەند دەندانە!

دەدار گیان، خۆشەویستەکەم، لەم ببوورە ئەمشەو ناگەمەوە ناو ئامێزە گەرمەکەت! چیتر لەبەر دەرگا پەرەشی گەانەوەم مەبە! خە ئەم کەنەپەرستانە ژیانیش وا نابینن بە ئەمە! خە ئەوان هیچ بیریان لەوە نەکردەوە کە هەشتا چەندین ئاواتمان نەهاتوونەتە دی، هەشتا چەندین خەونمان ناکامن! خە ئەوان هیچ بیریان لەوە نەکردەوە کە چەندین بەننمان بە یەکتری داوە، چەندین جاران پەیمانمان بەیەکتری داوە کە هەرگیز یەکتر بەجێ نەهێڵین! ئاخ ئەو دەندانە بە لە یەکیان کردین!

ئای دەبەت ئەو دایکە نازدارەم ئێستا چی بکات، خە من بەینم پێی دابوو کە ەژی هەینی سەر لە بەیانی زوو، لەگەڵ دەدار و سەما، هەر لەگەڵ گەردی بەیانی بەینە لات و نانی بەیانیت لەگەڵ بخەین! ئەدی بەننم پێت نەدابوو کە دوای نەشتەرگەریەکەت یەکسەر بتهێنمەوە ماڵە و شەربابەشیرەکی خەشت بۆ بکەم! ئەی بەننم پێت نەدابوو کە دوای نەشتەرگەریەکەت، هەموو ەژان بەر لەوەی بچمە سەر کار، زوو زوو لە خەو هەبستم و بتبەمە لای دکتەرەکەی لای ماڵمان. ئای ئێستاش گوێم لە دەنگە ناسکەکەتە کە هەموو جاران پێمت دەگوت: ((کوڕە جوانەکەم، سەر و ماڵم هەر ئەتەی، تووە و سەری کاکەی ئاگاداری خت بە)).

دراوسێکەم، جگەرگۆشەکەم، خۆشەویستەکەم، دایکە میهرەبانەکەم، ئەوا من ەییم لە لاتان! ئاخە دەبەت گیانی من ئەمجارەیان بە ناو لاشەی چ بوونەوەرێک دەنایدەن بکات! ئاخە دەبەت جارێکی تر دایکم ببینمەوە! دەبەت دیسان خۆشەویستەکەم ماچ بکەم! دیسانەوە ەەەکەم لە باوەش بگرم، یارمەتی دراوسێیەکەم بدەم! ئاخە دەبەت سەمای چاوەکانم جارێکی تر ببینمەوە!

نووسینی: ئامانج شەروانی

# گفتوگۆ لەگەڵ شانۆکار خاتوو راز کەمال غەمبار.. هەڤپەیڤین- کامەران حاجی ئیلیاس

خاتوو راز کەمال غەمبار: لەخنە بواركی سەربەخۆیە و فەلسەفە وپاشخانی مەعریفی خۆی لەپشتە و دەبە گرنگی زیاتری پێبدرێت
خاتوو راز کەمال غەمبار: زیاترخەم لەبواری شانۆ ونواندندا دەبینمەوە
خاتوونی هونەرمەند(راز کەمال غەمبار)، یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە بوەرانە لە بواری هونەری شانۆ ،شۆکار، سینەما کار دەکات خاوەنی چەندین کاری هونەرییە لەهەرسێ بوارکەدا جگەلەوە لەبواری دەبلاژ و دیزایندا خاوەن ئەزموونکی باشە،ئەو بەهەی ئەوەی کچی نووسەری دیاری کورستان (د.کەمال غەمبار)-ە لەهەمان کاتدا هاوسەری هونەرمەند (ئالان محمەدعارف )-ە کەشکی ئەرێنی بەی لەخساوە تا زیاتر پەرە بەهونەرکەی خۆی بدات راز خان دەچووی بەشی شۆکاری پەیمانگەی هونەرجوانکانی هەولێر و دەرچووی کۆلیژی هونەرجوانکان بەشی شانۆیە وە لەئێستادا قوتابی ماستەرە لە شانۆدا بە زیاتر ئاشنابوون بە کار و چالاکییەکانی لە نزیکەوە بچەند پرسیارێك بەسەرمان کردوە.

**هەڤپەیڤین- کامەران حاجی ئیلیاس**

*سەرەتا ئەگەر بکرێت بە خوێنەرنمان باس لە چۆنیەتی ئاشنا بوونت بە جیهانی هونەری (شۆکاری، سینەما ،شانۆ) بکەیت ؟

- سەرەتای ئاشنابوونم بەهونەری شۆکاری لەرێگەی پەیمانگەی هونەرە جوانکان بوو کە قوتابی بووم لەم پەیمانگایە وبە ماوەی 5 ساڵ ئاشنای ئەم جیهانە بووم ،کەپەیەتی لەڕێنگ وبەیە ونەخش ونیگار وجوانی ،وئاشنای چێشنکانی نیگار کەشان بووم تادگاتە بەقوتابخانە هونەرییەکان وهونەرمەندە پیشێنگکان ،هەروەها سەبارەت بجیهانی شانۆ وکو هونەرێك کەلەرێگەیەوە ئاشنای ئەم هونەرە باڵایە بووم ،وبەشێوەیکی پڕاکتیکی چوومە سەرتەختە وستەیجی شانۆ ،وفڕی هونەری نواندن بووم وکو بناغەیێك لەڕێگەی هونەری شانۆ کەباڵاترین هونەرە ،وهەر ئەوەش وایکرد کە بچمە بواری سینما لەرێگەی

فلمەکی سینەمایی کۆیەکەمین ئەزموونم بوو وەکو ئەکتەرەکی ئافرەت ،لەگەڵ ستافەکی هونەری کەزەر شتیان لەوە فێربووم .
*باوکی بەرزتان(د.کەمال غەمبار) نووسەرەکی دیاری کوردستانە، تاچەند ئەم کەش و هەوای ماڵەوە هاوکار بووە بە ئەوەی بیر لە جیهانی هونەری بکەیتەوە؟

- ئەمە بەحوکمی باوکم (دکتەر کەمال غەمبار) کە نووسەرەکی دیاری کوردی ولەبواری ئەدەب وەخنەی ئەدەبی هونەری دەستەکی باڵای هەبووە لەبەرئەوەی لەخانەوادەیەکی ڕۆشنبیر بووین ،بە گومان ئەوشتە ڕاستەوخۆ وناڕاستەوخۆ کاریگەری خۆی هەبووە لەسەرم کەووبکەمە بواری هونەری وماڵەوەش هاوکاربوون ولاریان نەبووە کەخەم لەم کایەدا ببینمەوە وپەرەی پێ بدەم
.
*راز کەمال زیاتر خۆی لە هونەری شانۆکار یاخود هونەری شانۆ دەبینیتەوە؟
- هەردوو هونەرەکە لەلام خۆشەویستین لە هەردووکیانیش بەشداری کارام هەبووە، بەڵام زیاترخەم لەبواری شانۆنوانەدن دادەبینمەوە ولەشانۆکاریش پەشتر بەشداربووم وساڵانە لەبەنەکانی چالاکیم هەبووە ،بەتایبەتی لە فیستیڤاڵەکانی نەو پەیمانگا.
*لەئێستادا چەن دەڵوانیتە ئاست و توانستی ئافرەتانی کوردستان لە هەردوو بواری شانۆ و شانۆکاردا؟
- لەئێستادا خانمان لەبواری هونەری شانۆ وشانۆکاری بەڕەی خەیان هەستاون ولەم چەند ساڵانەی دواییدا کەمەك ئافرەتی کورد هەکەوتن وتوانیان پگەی خەیان بدەزنەوە ،لەگەڵ ئەوەی ئەم بوارانە وەکو پێویست بایەخی پێ نەدراوە لەلایەن حکومەت ودامودەستگایەکی ئەوتۆنییە ،کەسپەنسەروپاڵپشت بێت بە هونەروهونەرمەندان مەگەر هەندەك کەسی خەمخۆری هونەر وکەرتی تایبەت بەم ڕەی هەستابن وپشتگیری مادی ومەعنەویان کردبێت ،،بەڵام وەکو بزاڤەکی هونەری هەشتا زۆری پێویستە ..
*تاچەند ڕەخنە بە پێویست وگرنگ دەزانیت بە هەردوو بوارەکە (شانۆ ،شانۆکار)؟

- ڕەخنە زۆر گرنگە بە هەموو بوارەك، بگرە لەگەڵی ڕەخنەی بنیاتنەروبابەتی وزانستی هەموو کاریکی هونەری هەدەسەنگێندرێت وپشدەکەوێت ،وکەسی شارەزای گەرەکە..ڕەخنە خۆی لەخۆیدا بوارەکی سەربەخۆیە و فەلسەفە وپاشخانی مەعریفی

خەی لەپشتە و دەبە گرنگی زیاتری پێبدرێت.
*مەرجە هونەرمەند دەرچووی پەیمانگا یاخود کۆلێژی هونەری بێت؟

- هونەر لەپێش هەموو شتێك ئیتر هونەری شانۆ یاخود شانۆکاری بێت بەهرەیە ، بەڵام ئەگەر حەزوخولیایەکی لەپشت بێت دەکرێت پەرەی پێ بدرێت ،لایەنی ئەکادیمی بە گومان زۆر گرنگە وەکو بنەماغەیەك بۆ ئاستی هەرهونەرمەندێك ویستی زانیاری وبەدەستهێنانی مەعریفەت ، بەڵام هەموو شتێك نییە ،دەکرێت کەسێك هیچ بڕوانامەیەکی لەم بوارانەدا نەبێت بەڵام کەسکی سەرکەوتوو ولەهاتوو بێت وپێچەوانەکەشی هەڕاستە ،هەردوو بوارەکە، بەهرە پێویستە بەڵام هەوە وتەقەلاش زۆر گرنگە هەروەها هاهێنانی بەردەوام ..
*سانە چەندین خانم کۆلێژ و پەیمانگاکان تەواو دەکەن بەڵام لە گەڕانی هونەری ون دەبن هەکارەکە بۆچی دەگەڕێتەوە؟

- هەکارەکەی بەشکی پەیوەندی بۆئیش وکارە گوزەران وژیان وخەزانەوە هەیە ،،هەروەها سروشتی رەوتکان ڕەنگە کاریگەری خەی هەبێت ،یاخوود نەبوونی دەستگایەك کە کاری پێویستیان بە فەراهەم بکات ،،ولەگەڵ ئەوەش کە پاشپشتی مادییان هەبێت کەئاسانکارییان بۆ بکات وزۆر هەکاری تری وەکو ڕەگری ماوەو نەریتی کەمەگا ولایەنی ئایینی ..
*هیچ پرۆژەیەکی هونەری نوێت هەیە؟
لەئیستادا هیچ پڕۆژەیەکم نییە وسەرقاڵی خوێندنی باڵام ولەماستەر دەخوێنم ،ولەئایندەدا پڕۆژەی ترم لەبەردەستە لەبواری سینەما وفیلم سازای..







---

# ستراندێ کپەکان.. شیعری: ستیڤان شەمزینی

هەرچەند بیر دەکەمەوە
من هیچی تر نیم
جگە لە ئاگرەکی رەش
تەش دوکەڵەکی سپی

---

هەست ئەکەم
شتێک لە بارەی داهاتوو دەزانم:
ئەواریەک قەڵەمەکەم
خەی دەکوژێت
تەش
داوای شیعرەکی ژیاندەستم
لە دەکەیت

---

هەرگیز لەم کەدە تێناگەم

من دەمە هەر شونک
تەی لێی
تە دەیتە هەر شونک
منی لە نیم

---

پەندکی دێرین هەیە دڵت
عاشق کاتک دەمرێت
لە خاکدا نانژرێ
لە رۆحی مەعشووقدا
هەناسە دەدات

---

سترانکی قەرەجیم
گوێ لە بووە:
شاعیر
وشە لە قامووسی عیشق
قەرد دەکات
عەشق خەیشی
فەرهەنگکە لە ئازار

---

گوتم لە موناجاتی دەوانەیک بوو:
عەشقم وەک پەرداخک ژەهر فێ کرد
سەرلەبەر هەناوم بوو بە نوور

---

پرسیارم لە لاپەیکی سپی کرد
چاوەڕوانی چیت دەکەیت
لە شاعیر؟
وتی:
هەناوم بە ستایشی یار
رەش بکاتەوە!

پەم سەیرە
دیوار هەندە بە پەوە وەستاوە!
چەن ماندوو نابێت
لە دابەینی جوانی
لە چاوی سروشت؟

---

عاشقەکان هەمیشە ماندوون
کەوەک هەست و
شاخەک عاتیفە بە کەیانەوەیە
ناتوانن لەسەر هیچ دەک داینەن

---

چیا چەند سەخت و رەق بێت
جەگەلەیەک دەی کون کون دەکات
ئیدی من بەم هەموو نەرمییەوە
چەن بەرگەی تەفانی ماچی تە بگرم؟

---

هەر لە خەوا پەموایە
عاشقەکان
ژیان لە نەبوونەوە دەهەننە ئارا
شاعیرەکان
مەژووی ئەوان دەنووسنەوە

---

شاعیرەکان زەر سەیرن
هەوەدەن عەشق بخزەننە
بەتەی دەقەوە
ئەوە نابینن
گەردوون بەو بەرینییە
جەی ئەوی تەدا نابێتەوە

دان بەوەدا دەنێم بە هیوام
ساڵانێک لە دڵکی مەلولدا
بە دوای ئومێددا دەگەڕام
ساڵانێک
چاوەڕوانی ئاوی گەشبینی بووم
لە گەزیکی درز بردوودا

---

راستییەک هەیە
دەموەت بیخەمە رستەوە
لەوەتی هەم وەک هەڵەیەک دەفەم
هەتا دە لە خەم دوور دەکەومەوە
ئیدی تەمانا دەکەم
بەربمەوە بە نەو خەم

---

زەر دەمەکە
دڵکم لە سینەی گریاندا
هێندە رووقایمانە
خەم لە گەلی دەدەم
چاوەڕوانی کلویەک پێکەنین دەکەم
ئەم بەفری زەردەخەنەیە
لەو ئاسمانە روو گرژەی ژیانما
کێنگە دەبارێت؟

---

چاوی من
لە دەی دایکم دەچێت
دەقکانیشم لە رەحی باوکم
خەونکانم
لە نازی خوشکەکانم دەچن
روانینکانیشم
لە سەرنجی براکانم
تەنها ئازارکانم لە خەم دەچن

خۆشەویستەکم دوێت
دەست بەهێنێت
بەسەر ئاوریشمی هەستمدا
پەرتبووم
لە چاوەکانیدا کە بکاتەوە
دەکی حەسرەت
لە خەیاڵەکانم دەربهێنێت
کە گریام بە دەستی ماچ
جگەلەی فرمێسکم بسڕێت

---

شەوکیان بیرم دەکردەوە
ئەگەر ئەمشەو ژنەکی سپی
بێتە ناو پەخەفی ڕەشمەوە
بە ماچ لەوی شیعرم سوور بکات
لەنەو لەشی گەرمیدا نقوم بم
ئایا هەشتا گلێیم لە ژیان دەبێت؟

---

وتم نابێت بڕۆم بۆ جەنگ
سەنگەرەکان پڕ ناکەم
لە هەنگوینی شیعر
فیشەکەکان تۆزی ناکەم
لە مرۆبای عیشق
ئەگەر جەنراڵەکان بڕۆم کارێ بزانن
لە دڵی کینەدا
سەر بەرەو خوار هەڵمدەواسن

---

ئەو دەمەی
لە منداڵدانی دایکم
هاتمە دەرەوە
شەری غەم و غوربەت
دایکمی خوارد

هەموو هەوڵی باوکم بۆ ئەوە بوو
من لە دەمی چەقۆی
بە دایکی رزگار بکات

---

من دەمەوێ
فەرهەنگی زمان پاک بکەمەوە
تا عەشق
چیتر بە زەجرکێشان
ڕاڤە نەکرێت
شیعر و ئازار
هیچی دی
ئامێزای یەکتر نەبن
وشەی خیانەت
لە زەینی هەر ژنێکی عاشقدا
بە مرۆڤبی ماچ بسەدرەتەوە

---

ئەوەندەی من
بە بیرم دێتەوە
ئەو ڕێبوارە گەنجەکەی
عەوداڵی وشە بوو
پێیان دەگووت شاعیری سەرشەت
ئەو دەوانەیەی سەوداسەری
ژنێک ببوو
پێیان دەگووت خەوەتکەشی نەگبەت
ئەمستا من شاعیرێکی نەگبەتم

---

شەقامی دەم ئێجگار چەند
خانمێک بە چەپکێک گوڵەوە
پیاسەی تەدا ناکات
فواریەک لە شادمانی
لە قەراغیەوە بوونی نییە
سەنتورژنێک وەک میوانێکی ناوەخت
بەسەریدا گوزەر ناکات

کچی هرچی ئازار
پیدا هەدگەت
هر کاروانی دوای تارمی گو
فکان فکانتی

---

دست ئخام گردنی شوگار
ب تاوانی کوشتنی تاریکی
دادگایی دکرم
دست دخام
ناو پرشنگی زین
ب تماتی دداریی
لگ رووناکی زیندان دکرم
باوش دگرموو ب باران
ب پاساوی هستانی لافاو
گولل دنن ب بختموو
ل ژر لزمی ماچمدا
ژنک سما دکات
ب بیانووی ناموس
چاوی شیعرم هەدکن

---

هند سرمام
لناو ئاگریشدا
هست ب تزینی سرم دکم
برگی هوای سارد و
نیگای سارد ناگرم
خانمکم
ئگر هاتیت ب ئر
تکایی بفری چیای شرم
ل شانت بتکنن

---

رنگ سفر بکم
برو کوچیک
تنیا شیعر

ڕەی تەبکەوت
بەرەو کەنارێک
تەنیا کەشتی عەشق
لەنگەری لە بگرێت
بەرەو ئاسمانێک
بێ باڵی یاخبوون نەبێت
نەتوانیت تەیدا بفڕیت
بەرەو خەم
بێ دڵزینەوەی
ئەو ئاوریشمە ژنەی
بەشکەی هەستم
بێ ئارامی رادژەنێت